



وانەکانی مامۆستایانی خۆڕاگری
٤



کۆماری ئیسلامی و کایە بە کارتی...
٥




هەشتی مارس
٨



کوردستانی سووریە، لەسەر ...
٩



پشکی کوردستان لە بوودجەی ئێران
١٠

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـــانی ئێـــران

ژمارە ٦٢٤، پێنجشەممە، ١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٢، ٦ی مارسی ٢٠١٤، ٥٠٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

دەقی نامەی مستەفا هیجری بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزەرانی فیدراڵی ئەمریکا — لاپەڕە ٢

هەنگاوێک لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێراندا — لاپەڕە ٥

ئیسلامخوازانی دوای مەشرووتە لە ئێران — لاپەڕە ١١

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### سەدەونیوێک خەبات

سەدەونیوێك بەسەر سەرکوتی نارەزایەتیی ژنانی کرێکار لە کارگەیەکی کوتاڵ چنین لە نیۆیۆرك بە هۆی زۆر بوونی کاتژمێری کاری و کەمی مووچەوە لە ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٧دا تێدەپەڕێ و ئەو ڕووداوە بوو بە ئامیانی ئەوە کە هەشتی مارس ببێتە سیمبۆلێك بۆ زیندوو کردنەوە و بیر ئانینی خەبات و خۆڕاگریی ژنان لە بواری دەستەبەرکردنی بەرابەری و ڕزگار بوون لە کۆیلایەتی ڕەگەزی لە هەموو جیهاندا. ٨ی مارس بوو بە ڕێکەوتێك کە ساڵانە ژنانی نارازی لە دۆخی نابەرابەری کۆمەڵایەتی و کاری لە دەوری یەك کۆدەکردەوە و هاوبەش بوونی کێشە و ئاستەنگەکان و داواکارییەکان، ساڵ بە ساڵ ژنانێکی زیاتری دەهێنایە سەر شەقام. کلارا زێتکین لە دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سووسیالیستدا، ٨ی مارسی وەکوو ڕۆژێکی جیهانی بۆ ڕێز گرتن لە خەباتی بەرابەری خوازانەی ژنان پێشنیار کرد. دواجار لە ١٩٧٧دا، لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە ٨ی مارس وەکوو ڕۆژی جیهانیی ژن بەفەرمی ناسرا.

بەرگری کردنی ژنان لە خۆیان لە بەرامبەر باوکسالاری و ڕەگەزگەرایی و ئەو هەڵاواردنانەی دەرئەنجامی ئەو چەشنە بیرکردنەوەن، هەر لە مێری ئاستیل لە سەدەی چواردەهەمەوە بگرە هەتا مێری وۆڵستۆن کرافت لە سەدەی هەژدەهەمدا و دواتریش دەیان ژنی چالاك و ڕۆشنبیری دیکەی پاش شۆڕشی بریتانیا و بەتایبەت پاش شۆڕشی مەزنی فەڕانسە هەتا ئەمڕۆکە و هەموو هەوڵ و ماندووبوون و قوربانیدانیان، بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە بواری بەرابەریی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا بووە و وەك دەبینین پێکهاتەیەکی بەرین لە بزووتنەوەیەکی جیهانیی بەخۆیەوە گرتووە.

هەنووکە لە پانتایی ڕۆشنبیریی جیهاندا، هەوڵ بۆ یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان دەدرێت، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، سەرەڕای ماندووبوون و چالاکیی ژنان لە هەموو بوارەکاندا، ئەم چەمکانە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێ و تەنیا بە شێوەیەکی سیمبۆلیك یادیان دەکرێتەوە و کارکردی کۆمەڵایەتییان زۆر لاوازە. بە شێوەیەك کە بەرابەریخوازی ژنان، لە چەمکێکی ئازادیخوازەوە بۆ چەمکێکی پاوانخواز پێناسەکەی دەگۆڕدرێت و لەبار دەچێت. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان. کۆمەڵگا کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سەرهەڵدانی هەر بزافێك لە ناو خۆیدا و کۆمەڵگاش بەدەر نییە لە پێوەندیی تاکەکانی کۆمەڵ و ئەو پەیوەندییە گرێدراوی زۆر شتە وەك ئایین، کولتوور، نەریت، باوەکان و....

بە بەراوردێکی خێرا لە نێوان کۆمەڵگە داخراو و مۆدێرنەکاندا و پێناسەکردنی دۆخی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان لەو بەراوردەدا، بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە بۆ سڕینەوەی ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کۆمەڵگەیەکی نەریتیی و داخراو بە درێژایی مێژوو بەسەریدا سەپاندووین.

# نیۆیۆرک ڕێزی لە دادپەروەری گرت

لە درێژەی ڕێوڕەسمێکدا لە شاری نیۆیۆرك، ڕێز لە دادئەستێنەکانی دۆسیەی میکۆنووس گیرا.

بە پێ ڕاپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی سێشەممە ٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە درێژەی ڕێوڕەسمێکدا بە یارمەتیی یەکیەتیی پارێزەرانی ئامریکا، لە دادگای فیدراڵی ئامریکا لە شاری نیۆیۆرکدا، ڕێز لە دادئەستێنەکانی دۆسیەی میکۆنووس گیرا و لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.

لەم ڕێوڕەسمەدا، باڵوێزی پێشووی ئامریکا لە ئاڵمان، ڕۆئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی "بکوژانی کۆشکی فیرووزە" و ژمارەیەك لە پارێزەران و دادوەرانی ئامریکایی لێدوانیان پێشکەش کرد و هەوڵی دادئەستێنەکانی دادگای میکۆنووسیان بۆ بەڕێوەبردنی دادپەروەری، بەرز نرخاند.

پاشان دادئەستێنەکانی میکۆنووس لەمەڕ کۆسپ و لەمپەرەکانی سەر ڕێگای دادگا قسەیان کرد و لە بەڕێوەچوونی دادپەروەری و دەرکردنی بڕیاری یەکلاکەرەوەی دادگا کە بوو بە هۆی ڕاوەستانی چالاکیی دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەرەوەی وڵات، ڕەزامەندیی و خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی.

لەم ڕێوڕەسمەدا نوێنەرانی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتانی کانادا و ئامریکا ئامادە بوون و شەریف بێهرووز، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئامریکا وکانادا لە ڕەوتی ڕێوڕەسمەکەدا لەگەڵ پێشکەشکارانی بەرنامەکە و دادئەستێنەکانی دادگای میکۆنوس چاوپێکەوتنی ساز کرد و وێڕای دەربڕینی ڕێز و سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم کردەوە شیاوە، نامەی ڕێزلێنانی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەر بەم بۆنەیەوە پێشکەش کردن.

دادگای پێڕاگەیشتن بە دۆسیەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٣٧٢دا بەڕێوە چوو وبەدواداچوونی دۆسییەکە ٤ ساڵی خایاند و لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی حوکمی بکەرانی ئەم کارەساتە"کازم دارابی" خەڵکی ئێران و چوار کەسی لوبنانی دەرکرا و ڕۆڵی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ڕێژیم، عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعات، عەلی ئەکبەری وەلایەتی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوکاتی ڕێژیم و کاربەدەستانی پلەبەرزی ڕێژیمی لەم تیرۆرەدا بەئاشکرا ڕاگەیاند و لە دادگادا سەلمێنرا.



دەقی پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ ئەم ڕێوڕەسمە لە لاپەڕەی ٢ی ئەم ژمارەدا هاتووە.

## ئیسراییل دەستی بەسەر کەشتی هەڵگری "چەک و چۆڵی ئێرانیی"دا گرت

سوپای ئیسراییل ڕۆژی چوارشەممە ٥ی مارسی ٢٠١٤، دەستی بەسەرکەشتییەکدا گرت کە دەچوو بۆ غەززە و چەك و چۆڵی پێشکەوتووی ئێرانی هەڵدەگرت.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی فەرانسە و لە زاری ڕاگەیەندراوێکی سوپای ئیسراییلەوە، ئەم کەشتییە لە نێوان ئێریترە و سوودان لە دەریای سووردا دەستی بەسەردا گیراوە.

لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: "سەرلەبەیانیی ڕۆژی چوارشەممە، ئیسراییل پێشی بە قاچاخی بارێکی چەك و چۆڵی پێشکەوتووی ئێرانی گرت کە بڕیار بوو بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی کەرتی غەززە بنێردرێ."

هەواڵنێریی فەرانسە نووسیویەتی کە ئەم چەك و چۆڵانە دروستکراوی سووریەن و سەرەتا لە ڕێگەی وشکاییەوە نێردراوە بۆ ئێران و پاشان بە کەشتی بەڕێ کراوە بۆ کەرتی غەززە.

سەرگورد پیتێر لێرنێر بەم هەواڵنێرییەی گوت:

لە عەمەلیاتێکی ئاڵۆز و نهێنیی دەریایی، لە کاتژمێرەکانی سەرەتای بەیانیدا، هێزە دەریاییەکانی سوپای ئیسراییل لە ئاوە نێونەتەوەییەکانی نێوان ئێریترە و سوودان دەستیان بەسەر ئەم کەشتیەدا گرت کە هەڵگری چەکە پێشکەوتوە ئێرانییەکان بوو.

لێرنێر گوتی: "دەیان مووشەکی زەوین بۆ زەوین ئێم ٣٠٢ دروستکراوی سووریە لەم کەشتیەدا کە ناوی "کلۆس ـ سی"یە، دۆزراوەتەوە.

## قەیرانی ئۆکراین، جیهانی تێوەگلاند

هاوکات لەگەڵ گوشارەکان بۆ سەر ڕووسیە بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی ئۆکراین، ئامریکا لەگەڵ هاوپەیمانانی ئورووپایی خۆی، بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی ئۆکراین گەڵاڵەیەکیان پێشکەش بە ڤێلادێمیر پووتین کرد.

لەم گەڵاڵەیەدا داوا لە ڕووسیە کراوە کە هێزە سەربازییەکانی لە ئۆکراین بباتە دەرەوە و لە باتی ئەوە، قازانج و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لە دوورگەی کریمەدا پارێزراو بێت. هەروەها پێشنیار کراوە کە خەڵکی ئۆکراین لە هەڵبژاردنێکی پێشوەختدا سەرکۆماری خۆیان هەڵبژێرن.

بە پێی ڕاپۆرتی ڕۆیتێرز، لەم گەڵاڵەیەدا، ئامریکا و وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەتی ئاڵمان داوایان لە ڕووسیە کردووە کە هێزەکانی خۆی لە نیمچەدوورگەی کریمە بکێشێتەوە و ژمارەیان بکات بە ١١ هەزار کەس. هەروەها ئیزن بە چاوەدێرانی نێونەتەوەیی بدات تا بارودۆخی مافی مرۆڤ لەم ناوچەیەدا تاوتوێ بکەن.

ئاڵمان زیاترین ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ ڕووسیەدا هەیە، دەتوانێ لە نێوبژیوانیی نێوان ئۆکراین و ڕووسیەدا ڕۆڵێکی گرینگتر بگێڕێت. هەر بۆیە بڕیارە سەرۆك وەزیرانی ئەم وڵاتە بۆ وتووێژ بە سەردانێك بگاتە ئۆکراین.

هەروەها بە پێی ڕاپۆرتی ئاسۆشێتێد پرێس، ئاندرێس فۆگ ڕاسمۆسن، سکرتێری گشتیی ناتۆ ڕۆژی سێشەممە لە برووکسێل لە ئەنجامی کونفرانسێکدا کە باڵوێزەکانی ناتۆ بۆ تاوتوێکردنی قەیرانی ئۆکراین پێکیان هێنابوو، دەستێوەردانی سەربازیی ڕووسیەی لە ئۆکرایندا بە پێشێل کردنی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاشتی و تەناهی لە ئورووپادا ناوزەد کرد.

## هاودیتنی دوو شاندی حیزبی دێموکرات و حیزبی شیووعیی کوردستان

ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمە، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی، سەردانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیووعیی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندێکی ئەو حیزبەوە بە سەرپەرستیی "کەماڵ شاکر" سکرتێری گشتیی پێشوازیی لێ کرا. لێکدانەوەی بارودۆخی کوردستان بەگشتی و ئەو کۆسپ و کێشانە کە بەرەورووی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دەبێتەوە و بەتایبەت دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهان و هەروەها ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی خەباتی نەتەوەکانی ناوچە بۆ ئازادی و دێموکراسی لەلایەن هەر دوو شاندی حیزبی دێموکرات و حیزبی شیووعیی کوردستانەوە تاوتوێ کران. دوو شاند لەو دانیشتنەدا لەسەر پێکهێنانی کەش و دۆخی دیالۆگ و چارەسەری گرفتی نێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و پێکەوە کارکردنی هەموو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە زامنی سەرکەوتن زانی. لەو هاودیتنەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەسەر پێویستیی وازهێنان لە بەرژەوەندیی حیزبی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی پێداگریی کردەوە.

## سمینارێک بۆ حەسەن شەرەفی لە وڵاتی نۆروێژ ساز درا



ڕێکەوتی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ نۆروێژ، سمینارێکی بۆ "حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هێنا. سمینارەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد. لەو سمینارەدا جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باسێکی لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان، ئێران، ناوچە و حیزب پێشکەش کرد. پاشان بەشداران پرسیار، پێشنیار و تێبینییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ بابەتی سمینارەکە هێنایە بەر باس.

## سەردانی شاندێکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی سووریە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە پێکهاتوو لە سکرتێر و جێگری سکرتێر و وتەبێژی یازدە حیزبی کوردستانی سووریە، سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازیی لێ کرا. لەو هاودیتنەدا "تاهیر سفۆك" سەرۆکی دەورەیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە ئامانجی سەردانی ئەو شاندەی ڕوون کردەوە. ناوبراو ڕایگەیاند: ڕاوڕاوێژ و وەرگرتنی بۆچوون و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر دۆخی ئێستای کوردستانی سووریە، بەشدارییان لە کۆنگرەی ژنێڤی ٢، کانتۆنەکانی کوردستانی سووریە و پێوەندیی و ئاستەنگەکانی بەردەم هێز و لایەنەکان، ئامانجی سەرەکیمان لەم سەردانەدا بووە. لەو سەردانەی شاندی ئەنجومەنی نیشمانیی کوردی سووریە، "فەوزی عەزیز" ڕاپۆرتێکی لەسەر دۆخی ئێستای کوردەکانی سووریە پێشکەش کرد و لەسەر ڕەوتی مێژووی حیزبی دێموکرات و پێگەی ئەو حیزبە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ناسنامە و شانازییەکانی حیزب قسەی کرد و چاوەڕوانیی دەربڕی کە حیزب بە سیاسەتی واقیعبینانەی، ڕۆڵی ئیجابیی خۆی بگێڕێ لە لێك نزیك کردنەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکان و پشتیوانی لە مافە ڕەواکانیان بکا و حیزب یارمەتیدەر بێ بۆ چارەسەری کێشەکانیان و پشتیوانی لە داوا ڕەواکانیان بکا. پاشان هەر یەك لە "ئیبراهیم برۆ" و " د. عەبدولحەکیم بەشار" وەکوو دوو بەشداربووی کۆنگرەی ژنێڤ ٢، ڕۆڵ و باندۆری بەشداریی خۆیان لە کۆنگرەکەدا و هەروەها ئاستەنگ و کێشەکانی بەردەم ئەو کۆنگرەیەی لە بەرەوپێشچوونی کارەکانیاندا خستەڕوو. دواتر مستەفا هیجری وێڕای خۆشحاڵی خۆی لە سەردانی ئەو شاندەی برایانی کوردی سووریە، باسێکی سەبارەت بە دۆخی ئێستای سووریە و پرسی کورد لەو بەشە لە کوردستان و پێویستیی لێك نزیك بوونەوەی لایەنەکان و هەروەها گرینگی کۆدەنگیی هەرچی زیاتری ئەو لایەنانە، خستە بەر باس و لەسەر زیانەکانی هێژمۆنی لایەنێك بەسەر لایەنەکانی دیکە و سەپاندنی نەزەری هێزێك و باڵادەستیی بەسەر هێزەکانی دیکەدا و هەوڵی پەراوێز خستنی لایەنەکانیدیکە، بە زەرەری کورد زانی و داوای کرد هەموو هەوڵیان بۆ چارەسەری هەرچی خێراتر بخەنە گەڕ. هیجری پشتیوانی حیزبی دێموکراتی لە دەنگی ڕەوای خەڵك و پشتگیریی لە هێز و لایەنە نیشتمانییەکان خستەبەر باس و بڕیاری پلینۆمی شەشەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بە نسبەت کوردستانی سووریە هێنایە بەرباس.

## دەقی نامەی مستەفا هیجری بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزەرانی فیدراڵی ئەمریکا

ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزەرانی فیدراڵی ئەمریکا:

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوەی ٦٨ ساڵە بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی دێموکراتیك و دابینبوونی مافە سیاسی . نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکا و لەو پێناوەدا بە هەزاران تێکۆشەری سیاسیی خۆی لەسەردەمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی پاشایەتی و دوای ئەو لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لەدەست داوە. دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانی کە لە ڕێکەوتی ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ لە ڕێستورانی میکۆنۆس لە شاری بێرلینی پایتەختی ئاڵمان بە دەستی تیرۆریستانی نێردراوی ڕێژیمی تاران تیرۆر کران، چەند کەسێك بوون لەو هەزاران کەسە. دوای کار و تێکۆشانی بێ وچانی نیزیك بە ٣ ساڵی دادوەرەکانی دادگای بێرلین، بەڕێوەبەرانی ئەم تاوانە لە دادگادا بە سزای کردەوە تاوانکارییەکانیان گەیشتن و زیاتر لەوەش ئەو دادوەرە بوێرانە ملکەچی هەڕەشە و تەماح وەبەرنانی هیچ لایەنێك نەبوون و بەشێوەی فەرمی و لە حوکمێکی مێژووییدا ئەو ڕاستییەیان ڕاگەیاند کە لە لووتکەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی واتە ڕێبەری ڕێژیمی ئێران، سەرکۆمار و سەرۆکی دەزگای زانیاریدا پلان بۆ ئەو تیرۆرە داڕێژراوە و فەرمانی بەڕێوەبردنی بۆ دەرکراوە.

ئاکامی کاری دادگا و ڕاگەیاندنی ئەو ئاکامە، یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی کۆتایی بە زنجیرە تیرۆرەکانی لە دژی ئازادیخوازانی ئێران لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوایی بێنێ و بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران جێگای دڵخۆشی بوو. بە تایبەت بەهۆی ئەوەی سێ ساڵ پێش لە تیرۆری بێرلین، سکرتێرێکی دیکەی حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هەر لەلایەن ئەو حکوومەتەوە لە ڕێکەوتی ١٣ی جوولای ١٩٨٩ و لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەران و نێردراوانی ڕێژیمی تاران، لە ڤییەن پایتەختی ئوتریش تیرۆر کرا و بەداخەوە دەزگای دادی ئوتریش نەك هەر تیرۆریستەکان کە لەبەر دەستیدا بوون سزای نەدان، بەڵکوو بۆ خۆی ئەوانی ڕەوانەی تاران کردەوە و لەوێ لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە خەڵات کران. ئێستا کە بە بڕیارێکی بەجێی ئێوە، دادستانەکانی ئەو کاتی دادگای برلین بەهۆی بەجێگەیاندنی ئەرکی پرۆفیشناڵیان لە کاری دادوەریدا خەڵات دەکرێن، ئێمە زیاتر خۆشحاڵین. بەو بۆنەوە لەلایەن خۆم و حیزبەکەم و دەتوانم لەلایەن نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی لەو دادستانە بەڕێزانە بکەم بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە کە شیاوی خەڵات پێدانن. هەروەها پیرۆزباییش لە ئێوە بەڕێوەبەرانی ئەم ئەرکە واتە بەخشینی خەڵات بە دادستێنەکانی بوێری دادگای ناسراو بە میکۆنۆس بکەم بەهۆی ئەو پێشدەستییە شیاوە نوێیەی کە نواندوتانە و سوپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشتان بکەم.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
٢٠١٤/٠٢/٢٥

## هاودیتنی شاندێکی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیست

ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزب، سەردانی کۆمەڵەی ـ ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی کۆمەڵەوە بە سەرپەرستیی "سەید برایم عەلیزادە" دەبیری یەکەم، پێشوازیی لێ کرا. لەو دیدارە دوستانەیەدا کۆمەڵێك پرس و بابەتی پێوەندیدار بە ئێران و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هاتۆتە ئاراوە، باسێك لەسەر بارودۆخی کوردستانی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە وەك عیراق و سووریە و بەتایبەت بارودۆخی گشتیی کورد لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دابەش کراوە و ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ناوچەکە ڕووی داوە، یان ئەگەری ڕوودانی هەیە کەوتە بەر باس و لێکدانەوە. هەر یەك لە سەرپەرستی شاندەکان هیجری و عەلیزادە لە ڕوانگەی حیزبی خۆیانەوە لێکدانەوەی خۆیان لەسەر ئەو پرسانە باس کرد. لەو هاودیتنەدا لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە پاش هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران لە ژێر گوشارەکانی ڕۆژئاوا و زیاتر داڕووخانی ئابوورییەکەی و بۆ مانەوەی، پاشەکشەی لە سیاسەتەکانی پێشووی لەمەڕ بەرنامە ناوکییەکەی کردووە و ئامادەی دانووستانەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا بووە و هەتا ئێستا شەرت و مەرجەکانی ڕۆژئاوای قەبووڵ کردوە، هاوڕا بوون. هەروەها لەسەر ئەوە هاوڕا بوون،کە ئێستا کۆماری ئیسلامی سیاسەتی سازان لەگەڵ دونیای دەرەوەی لە پێش گرتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە سیاسەتی گرتن و زیندانیی ئازادیخوازان و ئیعدام لە ئێران درێژە پێ دەدات. تەوەرێکی دیکەی باسەکە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو لێکدانەوەی بارودۆخی ناوچەکە و ئێران بۆ چۆنیەتیی کار و تێکۆشان و هاوکاریی نێوان دوو لایەن لەم قۆناغەدا و هەڵسەنگاندنی زەرفیەتی خەباتگێڕان لە ئێران و کوردستاندا تەرخان کرابوو.




## شاندێکی پێوەندییەکان KCK
## سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە هەولێری کرد

ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی پێوەندییە کوردستانییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK) بە سەرپەرستیی "هەڤاڵ فەرحان عەمارا" سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبەوە لەو شارە بە سەرپەرستیی "محەممەد ساڵح قادری" پێشوازیی لێ کرا. ڕەوشی کوردستانی سووریە و گرفتەکانی بەردەم نەتەوەی کورد و ئەو دەرفەتە کە بۆ گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان ڕەخساوە و پێویستیی پشتگیریی هێزەکانی کوردستانی ئێران لە کانتۆنەکانی خۆبەڕێوەبەریی کوردستانی سووریە لەلایەن شاندی "کەجەکە"وە هاتە بەر باس. لەو دیدارەدا شاندی حیزب وێڕای ئاماژە بە پێویستیی دانووستانی نێوان لایەنەکان لەمەڕ چارەسەری کێشەکان، باسی لە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی سووریە و پێداگریی لایەنەکانی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان لەو بەشە لە کوردستان کرد.

## هاودیتنی دوو شاندی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حیزبی زەحمەتکێشان

ڕێکەوتی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، شاندێکی مەکتەبی پێوەندییەکانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی "دوکتور هیوا سەعید سەلیم" ئەندامی دەستەی کارگێڕی لە شاری هەولێر، سەردانی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد و لەلایەن شاندێکی پێوەندییەکانەوە بە سەرپەرستیی محەممەد ساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، پێشوازیی لێ کرا. لەو دیدارەدا شاندی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەرپرسی نوێی دەستەی پێوەندییەکانیانی لە شاری هەولێر بە شاندی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات ناساند و لەسەر بڕیاراتی دوایین کۆنگرەکەیان قسەیان کرد. لەو دانیشتنەدا هەر دوو لایەن لەسەر بەردەوامیی پێوەندیی دۆستانەیان پێداگرییان کردەوە.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران

## ٣٠ەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی نێونەتەوەیی سوسیال دێموکرات لە وڵاتی دانمارک بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەمە، شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی "فواد خاکیبەیگی" سکرتێری گشتی، لە ٣٠ەمین کۆنگرەی جیهانیی لاوانی سوسیال دێموکرات لە شاری کۆپێنهاگ لە وڵاتی دانمارك بەشداریی کرد. کۆنگرەی جیهانیی لاوانی سوسیال دێموکرات بە بەشداریی ١٤٠ ڕێکخراو لە ١٠٠ وڵاتی جیهانەوە و لەوانە شاندێکی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوێنەرایەتیی لاوانی کوردستانی ئێران، بەشدارن. پاش چەن ڕۆژ کاری بەردەوام و تاوتوێ کردنی پرسە پێوەندیدارەکانی لاوان لە جیهاندا، ٣٠ەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی نێونەتەوەیی سوسیال دێموکرات کۆتایی بە کارەکانی هێنا. لە کۆنگرەی IUSYدا چەندین ڕاپۆرتی تایبەت بە نەتەوەکانی جیهان و لەوانە نەتەوەی کورد پێشکەش کران و تێیدا ڕاپۆرتەکانی "ئابووری، پرسی هەژاری، دێموکراسی و سێکۆلاریزم، ڕاپۆرتی سیاسیی تایبەت بە نەتەوە جیاجیاکانی جیهان" تاوتوێ و پەسند کران. لە کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی نێونەتەوەیی سوسیال دێموکراتدا لەسەر پێشنیاری نوێنەری یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاپۆرتی تایبەت بە نەتەوەکانی جیهاندا خاڵێك لەسەر "پاڵپشتی لە مافە نەتەوەییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان" پەسند کرا.

## مەئموورانی ڕێژیمی ئێران لە ڕاکردنی بکوژانی شەیدا حاتەمی دەستیان هەبووە

ڕێکەوتی ١٠ی ڕەشەمە، شەیدا حاتەمی کچی عومەر تەمەن ٢٤ ساڵ و خوێندکاری کارناسیی باڵای بواری "زەوی ناسی"ی زانکۆی "ئازلوو"ی ورمێ، تەرمەکەی لە خەوتنگەی کولیژی ئەندازیاریی کشتوکاڵیی ئەو زانکۆیە دۆزرایەوە. پێشگیری لە تاوتوێکردنی شوێنی کوژرانی شەیدا حاتەمی و ڕاگواستنی خێرای تەرمەکەی بۆ نەخۆشخانە لەلایەن مەئموورانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە شیمانەی ئەوە دەکرێت یەکێك، لە هۆکارەکانی دەست تێدابوونی مەئموورران و بەرپرسانی ڕێژیم لە کوژرانی ئەو کچە خوێندکارەیە. هەروەها هەوڵی مەئموورانی ڕێژیم لەمەڕ شاردنەوە و پەردەپۆش کردنی کوژرانی شەیدا حاتەمی، نیشانەیەکی دیکەی دەست تێدابوونی مەئموروران لە کوژرانی ئەو کچە خوێندکارەیە.

## ڕەخنەی بەرپرسانی ڕێژیم لە پێشکەشکردنی وتاری زانستی بە زمانی کوردی لە سمینارێکی زانستیی شاری بۆکان

ڕێکەوتی ٧ی ڕەشەمە، سمیناری زانستیی کەیفیەت لەسەر بنەمای ئیزۆ ٩٠٠١ بە بەشداریی ٤٠٠ کارناس و لەوانە کارناسانی هەڵکەوتووی کورد لە هۆڵی سیمورغی شاری بۆکان بەڕێوەچوو. بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە لە سمیناری زانستیی کەیفەیەت لەسەر بنەمای ئیزۆ ٩٠٠١ لە بۆکان بەشدار بوون، لە پێشکەشکرانی وتار و بابەتە زانستییەکان بە زمانی کوردی، نارەزایەتییان دەربڕی. بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران، پاش پێشکەشکردنی ئەو وتارانە بە زمانی کوردی، کاردانەوەی توندیان پیشان دا و بە وروژاندنی کۆمەڵێك کێشە و بابەتی بێبنەما و نازانستی، هەوڵی بێبایەخ کردنی وتارەکانیان دەدا. بەرپرسانی ڕێژیم لەو سمینارەدا ڕایانگەیاندووە کە دەبێ تێکڕای وتارەکان بە زمانی فارسی پێشکەش بکرێن.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی ١ی کوردستان کۆچی دوایی کرد

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی "ئایشێ محەممەدی موتڵەق" کچی باقی، تەمەن ٦٠ ساڵ و خەڵکی شارۆچکەی نۆدشە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ لە ڕێگای هەولێر ـ کەرکووك گیانی لەدەست دا. ناوبراو لە سەرەتای شۆڕشەوە تێکەڵ بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بووە و هەتا دوا ساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی حیزب و گەل وەفادار مایەوە و هەروەها بنەماڵەی خاتوو ئایشێ چەندین شەهیدیان پێشکەش بە بارەگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان کردووە. ئایشێ محەممەدی موتڵەق هاوسەر و هاوژینی "فەرامەرز کاشفی" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە.

حیزبی دێموکرات، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك دەزانێت و هیوای سەبووری بۆ هاوڕێ فەرامەز کاشفی دەخوازێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٦ی ڕەشەمە "مام ڕەسووڵ ڕەبانی" باوکی شەهید "ئیبراهیم ئادامس (تیربار)" شەهیدی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردستان، خەڵکی گوندی "دربکە"ی سەربە شاری پیرانشار، بەهۆی پیری کۆچی دوایی کرد. شەهید ئیبراهیم ناسراو بە "ئیبراهیم تیربار" لە ساڵی ١٣٦١ شەهید بوو. تەرمی "مام ڕەسووڵ" لە نێو ئاپۆڕای خەڵك بە خاك سپیردرا.

حیزبی دێموکرات، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری مام ڕەسووڵ دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە بەشەریك و بەشدار دەزانێت.

## سێ چالاکی سیاسیی کورد لە سەردەشت بە زیندان مەحکووم کران

ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا بڵاوی کردەوە، لقی ١ی دادگای ئینقلابی مەهاباد سێ چالاکی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری سەردەشتی هەرکام بە ٤ مانگ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرد. ناوی ئەو سێ هاوڵاتییە کوردەی خەڵکی شاری سەردەشت، سیروان حەسەن نژاد، سەید سامان حوسێنی و سیروان نەسروڵلا زادە ڕاگەیاندراوە. دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێران تاوانی ئەو سێ چالاکە کوردەی "چالاکی بە دژی نیزام و تەبلیغات بۆ یەکێك لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران" ڕاگەیاندووە.

## کەسایەتییەکی ناوچەی زەردۆیی لە کرماشان کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، "حاجی محەممەد ڕەشید قوبادی" کەسایەتیی خۆشناوی ناوچەی زەردۆیی سەربە شارستانی پاوە لە تەمەنی ٧٨ساڵیدا لە نەخۆشخانەی "ئیمام عەلی" لە شاری کرماشان کۆچی دوایی کرد. ناوبراو مرۆڤێکی جێگای بڕوا و متمانەی خەڵك بوو و لە کارە خێرخوازییەکانی وەك درووست کردنی کاناڵەکانی سێڵاو، جادەی دەروەن بۆ کوێستانەکانی وەزەپووچ، وێراش و وڕشکەپێ، دەورێکی باشی هەبوو.

حیزبی دیمۆکرات، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری حاجی محەممەد ڕەشید قوبادی دەکات وخۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

## خێزانی حەمە ڕەشیدخانی بانە کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، خاتوو تەلیعە هاوسەری محەممەد ڕەشید خانی بانە بەهۆی پیری لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. حەمە ڕەشید خانی بانە کەسایەتییەکی دیار و شۆڕشگێڕی مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کوردە کە چەندین سەروەریی بۆ نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئیراندا تۆمار کردووە. حەمە ڕەشید خانی بانە بە هێزێکی ٢٥٠ کەسی لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی شەڕی کردووە و پاش ئازادکردنی شارەکانی بانە و سەقز، پەیوەست بە کۆماری کوردستان بووە و لە دامەزرانی ئەو کۆمارەدا بەشداریی کردووە. ژەنراڵ حەمە ڕەشید خانی بانە، لە کۆماری کوردستاندا پلەی ژەنراڵیی پێ بەخشراوە. ژەنراڵ حەمە ڕەشید خان، ١٣ی سەرماوەزی ١٣٥٣ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە. لە پرسە و سەرەخۆشیی کۆچی دوایی خاتوو تەلیعە کە ڕێکەوتی ٥ی ڕەشەمە لە شاری سلێمانی لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، شاندیکی دەفتەری پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریی کرد.

حیزبی دێموکرات، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری خاتوو تەلیعە دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات لە شاری قەڵادزێ ماڵئاوایی لە ژیان کرد

"حەممەد ئەمین عەبدوڵلاهی" کوڕی محەممەد ئەمین بناوەیی لە شاری قەڵادزێ ماڵاوایی لە کەس و کار و هاوسەنگەرانی کرد. محەممەد ئەمین عەبدوڵلاهی ناسراو بە "حەمەدەمین بناوێی" لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە ئاوایی "بناوێ"ی "ئالان"ی سەردەشت چاوی بە ژیان هەڵێناوە و پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران پێوەندیی بە ڕێکخراوەکانی حیزبی لە ناوچەکە کردووە و لە ڕاپەڕینی خەڵکی ناوچەی سەردەشتدا بەشداریی چالاکانەی کردووە. کاك محەمەدی ئەمین لە داماڵینی دام و دەزگای سەرکوتکەرەکانی (پاسگاە شارەبانی) ڕێژیمی شادا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. ناوبراو ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی چەکی پێشمەرگایەتیی حیزبی دێموکراتی کردە شانی و لە هێزی شەهید مووعینیدا سازمان درا. پلەکانی پێشمەرگایەتی لە جێگر پەل، سەرپەل، جێگر سەردەستە و سەردەستە، تێپەڕ کرد و لە زۆربەی شەڕ و بەرگرییەکانی ناوچەدا ئازایانە بەشداریی کرد.

حیزبی دێموکرات، سەرخۆشی لە خزم و کەس و کار و بنەماڵەکەی دەکات و خۆی لە خەمیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە شنۆ کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمە، "مام عارف ڕەجەبی" باوکی شەهید "حەسەن ڕەجەبی" شەهیدی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی کوردستان خەڵکی گوندی "شێخان"ی سەربە شارستانی شنۆ، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. مام عارف کەسێکی خۆشناو و جێی متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و هەمیشە بە ڕێبازی کوڕە شەهیدەکەی شانازیی دەکرد. تەرمی ناوبراو هەر ئەو ڕۆژە لەنێو ئاپۆری خەڵکی گوندی شێخان بە خاك سپێردرا. شەهید حەسەن ڕەجەبی ساڵی ١٣٣٤ لە گوندی "شێخان"ی سەربە شارستانی شنۆ لە دایك بوو و ڕێکەوتی ٢٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٩ لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە "حەڵبێ" شەهید کرا و تەرمەکەی لە گوندی زێدی خۆی بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکرات، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری مام عارف دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە شاری پیرانشار کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٢ی هەتاوی، "حوسێن ناقوڵی" ناسراو بە "حوسێن مامە قالە" باوکی شەهید "حەسەن ناقوڵی" خەڵکی شاری پیرانشار لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. تەرمی ناوبراو هەر ئەو ڕۆژە لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شاری پیرانشار لە گۆڕستانی "زەرگەتەنی" ئەو شارە ئەسپەردە کرا. مام حوسێن مرۆڤێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و جێی متمانەی خەڵکی ناوچەکە بوو و هەمیشە شانازیی بە خۆیەوە دەکرد کە باوکی شەهیدێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. شەهید حەسەن ناقوڵی ساڵی ١٣٤٥ لە شاری پیرانشار لەدایك بووە و لە ڕێکەوتی ٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٣ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە "شێلم جاڕان" شەهید بوو.

حیزبی دیمۆکرات، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس وکاری مام حۆسێن دەکات وخۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە پیرانشار کۆچی دوایی کرد

"عومەر عەبدوڵلا" ئەندامی حیزبی دێموکرات، خەڵکی گوندی "زەنگیاوێ"ی سەربە ناوچەی لاجانی پیرانشار، بەهۆی پیری و نەخۆشی کۆچی دوایی کرد. عومەر ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پاش ١٠ ساڵ لەسەر ئیزنی حیزب وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و وەکوو ئەندامی نهێنیی ئەو حیزبە درێژەی بە کار و چالاکییەکانی خۆی دا. لە ساڵی ١٣٥٨، چەکی پێشمەرگایەتیی هەڵگرتەوە و لە شوورای نیزامیی شاری مەهاباد سازمان درایەوە و هەتا ساڵی ١٣٦٣ لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بوو. ئەو ئەندامەی حیزبی دێموکرات لە ساڵەکانی ١٣٦٨ و ١٣٧٤ دوو جار گیرا و بۆ ماوەی شەش مانگ و نیو زیندانی کرا و تووشی ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لەلایەن هێزەکانی ریژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە بووەوە. تەرمی ناوبراو لە زێدی لەدایك بوونی لە گوندی زەنگیاوێ لە نێو ئاپۆڕای خەڵك، بە ئاڵای کوردستانەوە بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

حیزبی دێموکرات، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری دەکا و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێ و هیوای سەبوورییان بۆ دەخوازێت.

# وانەکانی مامۆستایانی خۆڕاگری

چەکۆ ئەحمەدی

کارۆل گۆستاف یوونگ دەروونناسی بەناوبانگی سویسی پێی‌وایە مرۆڤکان دووجۆر ئاکاریان هەیە:"ئاکاری کۆیلەیی و ئاکاری مرۆڤی سەربەست". بە بڕوای کارۆل گۆستاف، ئاکاری کویلەیی هەر ئەو ئاکارانەیە کە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆیی لە ژیاندا پێڕەویی لێ دەکەن و پێیان وایە کە دەبێ لەگەڵ ڕەوتی ئاکاری زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا بکەون و هاوڕەنگ و هاوڕێ و هاوباوەڕی زۆرینەی کۆمەڵگا بن. بەڵام ناوبراو پێیوایە کە ئاکاری مرۆڤی سەربەست لەو کەسانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە بە بەرزترین ئاست لە پێگەیشتوویی دەروونی دەگەن و تەنیا بەهۆی بنەمای ویژدانی خۆیان و نەك ترس لە متافیزیك و یاسا و کەسانی دەوروبەر و بۆ خەڵاتی کۆمەڵایەتی، ڕێسای ئاکاری لە بەرچاو دەگرن. ویژدانی ئەمجۆرە کەسانە سەربەخۆ، پێگەیشتوو و ڕاستبێژە. بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانیان لە هیچ کەسێك ترس و شەرمیان نیە. ئاکاری مرۆڤی سەربەست سنووری بەربڵاو و چەم هەڵگری هەیە و تووشی دەمار گرژی نابێت. ئاکارەکانی مرۆڤی سەربەست لای ئەو کەسانەی ئاکاری کۆیلەییان هەیە، هێندێجار جوان و جێی خەڵات کردنە و هێندێجاریش تاوانبارانە. زۆربەی کاتەکانیش ئەمجۆرە ئاکارە لێڵ و ناڕوونە. یوونگ دەڵێ کەسانی لەمجۆرە بە فام نەکردنیان لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە تاوانی پێگەیشتوویی خۆیان دەدەنەوە. شایانی باسە ئەو کۆمەڵە کەسانەی بە هۆی ئەوەی کە لە سەردەمی خۆیاندا هەڵکەوتەی کۆمەڵگا بوون و ڕێژەیان کەم بووە، بە شێوەی واقێعی نەکەوتوونەتە بەر توێژینەوەی دەروونناسان و مرۆڤناسانەوە. بۆیە ئەم کەسانە و شێوازی ئاکاریان هەموو کات وەك سیمبۆل سەیر دەکرێن و لە سەردەمە جیاوازەکانیشدا سەرباشقەی مرۆڤە نموونە و سەرکەوتووەکانن.

ئەگەر لە هێندێك لەم تێورییەی کارۆل گۆستاف بۆ پێناسەی هەڵکەوتووانی کۆمەڵگای کوردستان و ئەو کەسانەی وەك مرۆڤێکی سەربەست و خاوەن ئیرادەن کەڵك وەرگرین، دەتوانین لە یەکەم قۆناغدا ئاماژە بەو کەسانە بکەین کە لە نێوان ژیانی ئاسوودە و بەڕواڵەت بەختەوەرانە و ژیانی پڕ لە هەوراز و نشیو و ئاستەم و گەیشتن بە ئاسوودەیی ڕاستەقینەی دەروونی بەشی دووهەم و گەیشین بە بەرزترین ئاستی مرۆیی تاکی کوردیان هەڵبژاد، دەتوانین ئاکاری پێشەوا قازی محەممەد وەك سیمبۆلی ئاکاری مرۆڤی سەربەست ناو ببەین. فەلسەفەی مانەوە و چوونە سەرداری پێشەوا بووە ڕێبازێك کە تا هەنووکەش بۆ کۆمەڵە کەسانێك دەبێتە بنەمای گەیشتن بە بەرزترین ئاستی بەختەوەری، سەر بەرزی و ئاسوودەیی ڕاستەقینەی دەروونی.

زیاتر لە شەش دەیە بەسەر هەڵویستە مەزنەکەی پێشەوادا تێپەڕ بووە بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەو فەلسەفەی پێشەوای نەمر بۆ هەرمانەوە، هەروا لە کردەوەی بەشێك لە تاکەکانی کورددا ڕەنگدانەوەی هەیە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئاکاری مرۆڤی سەربەستیان کردووەتە هەوێنی ئەو ڕێبازە پیرۆزە و بەرنگاری دێوزمەیەك دەبنەوە کە لە یەکەم ساتەکانی بە دەسەڵات گەیشتنەوە هەموو هەوڵی بۆ جێگر کردنی کولتور و ئاکاری کۆیلە بوون لە نێو کۆمەڵگا بووە. بەڵام تاکی کورد و پێشەنگەکانی کۆمەڵگا واتا ئەو کەسانەی بە شێوەی ڕاستەقینە بوون بە پێشمەرگە و ژیانی ئاستەم و ڕێگای سەختیان بۆ گەیشتن بە ئامانج هەڵبژارد، بە بەدەروونی کردنی ئاکاری مرۆڤی سەربەست لە خۆیاندا، لەگەڵ هێزیکی مەزن لە ڕواڵەتدا و دارزیو لە دەروونەوە بەرەوڕوو بوونەوە و ئیرادەیان کردە چەکی ڕووخێنەری ئەو هێزی کە ئەمرۆ بە هێزی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" دەناسرێت.

لێرەدا مەبەست لە مرۆڤی سەربەست ئەو کۆمەلە کەسانەن کە بە تاوانی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەستیی مرۆڤ و بەتایبەت تاکەکانی نەتەوەی کورد لە بەندیخانەی ڕێژیمدان و ساڵانێکی زۆر لە تەمەنیان لە ژێر گوشار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونیی ئەو ڕێژیمەداسەربەرزانە خۆڕاگری دەکەن و سوور بوونیان لە سەر بیر و باوەڕ و ڕێبازەکەیان دووپات دەکەنەوە. واتە بەندکراوانی سیاسی و ڕۆژنامەوانانی بەندکراوی کورد.

ڕۆژنامەوان و بەندکراوی سیاسی عەدنان حەسەنپوور لە ساڵی ١٣٨٥ هەتاویەوە تا هەنووکە لە بەندیخانەی ڕێژیمدایە و تەنانەت یەك ڕۆژیش ئیجازەی هاتنە دەرەوە واتە مورەخەسیی پێ نەدراوە و زۆربەی مافەکانی بەندکراویشی لێ زەوت کراوە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوویشدا لە بەندیخانەی زێدی خۆیەوە بۆ بەندیخانەی زابۆل کە زیاتر لە ١٨٥٠ کیلۆمتر لەگەڵ زێدی خۆی مەودای هەیە، لەوێشەوە پاش چەند ڕۆژ بۆ بەندیخانەی زاهیدان دوور خراوەتەوە و ئەمە لە کاتێکدایە کە نە خۆی و نە بنەماڵەشی ئاگاداری ئەم دوورخرانەوە نەبوون و بارودۆخ و داهاتووی ناڕوونە.

عوسمان مستەفاپوور لە ساڵی ١٣٧٠دا دەستبەسەر کراوە، محەمەد نەزەری لە ساڵی ١٣٧٣ وە و والی دروودی، محەمەد موڕادی، عومەر ئیمامی و عەلی ساڵحی لە ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویەوە دەستبەسەر کراون و بەتاوانی ئازادیخواز بوون و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی مرۆیی، بەشی هەرە زۆری ژیانیان لە بەندیخانەدا ماونەتەوە و گرینگتر لەم بەخشینی تەمەنەش، خۆڕاگری و سەربەرز مانەوەیانە.

ئەوانەی هێما بە ناوەکانیان کرا، تەنیا نموونەیەکن لەو کۆمەڵە کەسانەی بوونەتە پێشەنگی کۆمەڵگایەك کە خوازیاری ئازادی و سەربەستین و لەم دواییانەدا گوشاری زۆریان خراوەتەسەر. ئەوان هەموو بەندکراوانی خۆڕاگری کورد ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان کردووەتە نازناوی هەتاهەتایی خۆیان و سەرەڕای هەموو ئەو هەڵاواردن و ئازار و ئەشکەنجانەی لەلایەن ڕێژیمەوە بەرامبەریان دەکرێ، دیسانەوە وەك نموونە و سیمبۆلی مرۆڤە سەربەستەکان لە بەرامبەر دوژمنانیاندا خۆڕاگری دەکەن و مێژوویەکی زێڕین بۆ خۆیان و نەتەوە و ڕێبازەکەیان تۆمار دەکەن. لە بەرامبەردا ڕێژیمی کۆماری ئێسلامیی ئێرانیش هەرچی زیاتر بەزیوی و دۆڕاویی خۆی هەست پێدەکات وتێدەگات کە: جەستەی مرۆڤ دەشکێت و خەڵتانی خوێن دەکرێت، بەڵام هەزر و باوەڕی شۆڕشگێڕانی بەندکراوی کورد تا لوتکەی سەرکەوتن خۆڕاگر و سەربەست و سەربەخۆ دەمێنێتەوە. ئەمانەن کە شایانی بوون بە سیمبۆلی کۆمەڵگان و ئاکاری مرۆیی و سەربەستی خۆیان دەکەنە وانە بۆ هەموو تاکەکانی کورد و مرۆڤایەتی.

# دەسکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ٣٥ ساڵ حکوومەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

عادڵ مورادی

کێشە و ئارێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەرگیز بەختەکی نین، بەڵکوو هەلومەرجی تایبەت پێکیان دەهێنن و بە پێکهاتنیان، کۆمەڵگا تووشی قەیران و دڵەڕاوکێ دەبێت. کاتێك لە کۆمەڵگادا ئاڵۆزی دروست دەبێت و هاوسەنگیی گشتی، کردەوەی نۆرماتیڤ و ئاسایی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە، باس لە قەیرانی کۆمەڵایەتی دێتەپێش. وەکوو نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە بارودۆخە، دەتوانین هێما بۆ کۆمەڵگای ئەمرۆی ئێران بکەین کە پێکهاتەیەکی قەیراناویی هەیە، لە بەر ئەوەی کە لەگەڵ ئاریشە و قەیرانگەڵکی جۆراوجور بەرەوڕووە و دەتوانین بڵێین کە تەکووزی کۆمەڵگا تێکچووە و بارودۆخی کۆمەڵگا، بارودۆخێکی پڕ لە دڵەڕاوکێیە و ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەیەك بەربڵاون کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، پەرۆشی و نیگەرانیی خەڵك لەم بارەیەوە پەرە دەستێنێ.

بەکارهێنان و تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان و ئاکامەکانی، دەتوانین وەکوو یەکێك لەو ئاریشە کۆمەڵایەتیانە ناو ببەین. بە وتەی وەزیری نێوخۆی ڕێژیمی ئێران، ١ میلیۆن و ٣٢٥ هەزار کەس لە ئێراندا بە ماددەسڕکەرەکان تووش بوون کە لە سەدا ٦٣ی ئەو ڕێژەیە خێزاندارن، واتا ٧٥٠ هەزار ژن لە ئێراندا، هاوسەری تووشبوویان هەیە کە بەو هۆیەوە تووشی کێشەگەلێك وەکوو خەمۆکی، ئازاردانی هاوسەر، شەڕەنگێزی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتین. نزیك بە ٤٦ لە سەدی زیندانیان، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و٢٥ لە سەدی دیکەیان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ بە هۆی ئەنجامدانی تاوانگەلی پێوەندیدار بە مادە سڕکەرەکان لە زیندانەکاندان. بە لە بەرچاوگرتنی لایەنی بنەماڵەیی، شەش میلیۆن کەس بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئاریشەی مادە سڕکەرەکان دەستەویەخەن.

ڕێژەی تەڵاق لە ئێراندا بەشێوەیەکی بەرچاو لە زیادبووندایە. بە پێی ئاماری "سازمانی سەبتی ئەحواڵی" ئێران، ڕێژەی هاوسەرگیری تا کۆتایی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵ، ٥٧٩٨٧١ حاڵەت و ڕێژەی تەڵاقیش ١٠٨ هەزار و ٢٤٩ حاڵەت بووە و بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو لەم کاتەدا، ١٣/٣ لە سەد زیاد بووە.

لە ئێران، لە هەر شەو و ڕۆژێکدا بە شێوەی نێونجی ٣٨٧ حاڵەتی تەڵاق و لە هەر کاتژمێرێکدا بە شێوەی نێونجی ١٦ حاڵەتی تەڵاق ڕوو دەدات. بە پێی ئاماری ڕاگەیەندراو، زۆرترین ڕێژەی تەڵاقی تۆمارکراو لە نێوان پیاوان و ژنانی ٢٥ تا ٢٩ ساڵدا بووە. لە بارەی نێونجی تەمەنی هاوسەرگیری کوڕان و کچانیش دەتوانین بڵێین نێونجی تەمەنی هاوسەرگیری کوڕان لە ئێراندا ٢٧/٤ ساڵ و بۆ کچانیش ٢٢/١ ساڵ تۆمار کراوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەی هاوسەرگیری کەم بووەتەوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە گشتی ژمارەی دانیشتوانی خەڵکی ئێران زۆرتر بووە. ئەم دیاردەیە لەگەڵ دژواربوونەوەی بارودۆخی ئابووری و پەرەسەندنی ئاریشە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لەچەند ساڵی ڕابردوودا پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە. ڕەوشی تەڵاق لە ١٠ ساڵی ڕابردوو شایانی باس و جێگای ئاوڕدانەوەیە. لە ماوەی ٨ ساڵدا، ڕێژەی تەڵاق لە ١٠/٦ لە سەد بە ١٨/٦ لە سەد زیادی کردووە. ئەم ڕەوتی گەشەکردنە پیشاندەری هەبوونی قەیرانی تەڵاق لە ئێراندایە و پێویستی بە شیکردنەوەی جیددی هەیە. هەروەها تەمەنی ڕووکردنی کچان لە فەساد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر دەبێتەوە، بە چەشنێك کە گەیشتووەتە ژێری ١٢ ساڵ. بنەماڵەکان لە حاڵی تێکچوونن و دەتوانین بڵێین کە هۆکاری ئەم قەیرانە بریتیە لە گۆڕانکاری بنەمایی و کۆمەڵایەتی قووڵ لە کۆمەڵگا و سیاسەتەکانی نادروستی ڕێژیم لە ئاستی گشتی.

ناوەندی ئاماری ئێران لە ڕاگەیاندنی نرخی بێکاری وڵات لە هاوینی ٩٢دا، ڕێژەی بێکارانی وڵاتی نزیك بە ٢ میلیۆن و ٥٦٣ هەزار و ٦٢٤ کەس بەراورد کردووە. هەر چەند ئەم دامەزراوە ئامارییە پێشبینی کردووە کە لە داهاتوودا ٨/٥ میلیۆن کەس دێنە نێو بازاری کارەوە کە ئەم بابەتەش بە کێشەیەکی جیددی دێتە ئەژمار. لەم پێوەندییەدا بارودۆخی گەنجان لە باری کار کردنەوە گەیشتووەتە قۆناغی مەترسیدارەوە. بە پێی ڕاگەیەندراوی ناوەندی ئامار لە هاوینی ئەمساڵ، ڕادەی بێکاری لە نێوان گەنجانی ١٥ تا ٢٤ ساڵە، ٢٣/٩ لەسەد و ڕادەی بێکاری لە نێوان گەنجانی ١٥ تا ٢٩ ساڵەش، ٢١/١ لەسەدە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە کۆماری ئیسلامیدا هەر کەسێك لە ماوەی یەك حەوتوودا، یەك کاتژمێر کار بکات وەکوو بێکار ناناسرێت و ئەمەش دروستبوونی ئامارەکان دەباتە ژێر پرسیارەوە. بە دڵنیاییەوە ئاماری ڕاستەقینەی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا لە ئاماری ڕاگەیەندراو لە لایەن دامەزراوەکانی ڕێژیمەوە زۆر زیاترە.

کێشەی هەڵاتنی مێشکەکان یەکێکی دیکە لە قەیرانەکانی ئێستای ئێرانە. ئەم بژاردە و پسپۆڕانە دەتوانن لە دروستکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبێت، بەڵام هەلومەرجەکە بە شێوەیەکە کە لە باتی ڕاکێشانیان، ڕێگای هەڵهاتنیان لە وڵات بۆ ئامادە دەکرێ و بۆ کەڵکوەرگرتن لەوان هیچ پلانێك لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بوونی نیە.

پێکهاتەی ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی زاڵ بە سەر ئێران، خەسارهەڵگرە و کێشەگەلی جۆراوجۆر وەکوو تووشبوون بە مادەی هۆشبەرەکان، خەمۆکی، تاوانکاری، کۆشتن، بێکاری، گەندەڵی، پەرۆشی و نیگەرانیی کۆمەڵایەتی و زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، هەموویان لە چوارچێوەی ئەم پێکهاتەیەدا وڵام دەدرێنەوە.

لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا، گەندەڵی دیاردەیەکی سەرانسەرییە، دڵەڕاوکێ و پەرۆشی هەمەلایانەیە (گشتگیر)، لاوانی سەرگەردان، قەیرانی بنەماڵەیی بەرفراوان و زەبروزەنگی ئایینی و مەزهەبی بێداد دەکات. ئەم بارودۆخە نیشانەی بەڕێوەبەریی نادروست و دەسەڵاتداریی دیکتاتۆرانەی حۆکمڕانانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. نەبوونی بیری ئاوزمەندانە، بڕیاردانی نابەجێ و دەستێوەردان لە بچووکترین پرسە کۆمەڵایەتییەکان تەنانەت بوارە تاکەکەسییەکان وەکوو پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و پێوەندیی نێوان ژن و پیاویش خەڵکی زۆر پەرۆش و نیگەران کردووە و زۆرێك لە بڕیارەکانیانی لەگەڵ کۆسپ و گیروگرفت بەرەوڕوو کردوەتەوە و تاکەکان لە باری دەروونیەوە تێکچوون و خەمۆکی ئەوانی گرتوەتە بەر. بێجگە لەمانە، ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان وەکوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، تاکەکان بە جۆرێك بار دێنن کە هیچ چەشنە ئیرادەیەکیان لە خۆیان نەبێت و تەنیا بەڕێوەبەری بڕیار و فەرمانەکانی ئەوان بن و بە بێ هیچ چەشنە بیر و هزرێك و بە شێوەی کوێرکوێرانە تەنیا ملکەچیان بن یان بێدەنگ بن کە بارودۆخی کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێران پڕە لەم جۆرە کەسانە.

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین کە پێکهاتەی تاك ڕەهەندی (ئابووری ـ ئاوەدانکردنەوە) پێشکەوتنی وڵات، ئاوڕنەدانەوەی پێویست بە تەندروستی کۆمەڵایەتی، نەبوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی بەرچاو لە بیاڤی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، نەبوونی سەرپەرەشتی کارامە و زانا لە بیاڤی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، زاڵبوونی ڕوانگەی سیاسی ـ ئەمنییەتی لە کۆمەڵگادا، ئاوڕدانەوە بە شێوەی جیددی لە کاروباری کۆمەڵایەتی بە تایبەت خەسارە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارەکانی پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکانن و هەروەها زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنییەتی بە سەر کۆمەڵگادا و زیادبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی ئەم ڕوانگەیە بە سەر کۆمەڵگادا، بوەتە هۆی شاراوە بوونی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان.

پڕۆمان

# کۆماری ئیسلامی و کایە بە کارتی تەکفیرییەکان

ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠١ و هێرشی ڕێکخراوی جیهادیی ئەلقاعیدە بۆ سەر بنکە و بنیاتەکانی ئامریکا لە ناو خاکی ئەو وڵاتە، دەستپێکی قۆناغێکی نوێ لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان و تەنانەت ئالوگۆڕ لە زۆر چەمك و بابەتدا بەئەژمار دێت. هەرچەند کایە بە کارتی ئیسلامی سیاسی و بناژووخوازی ئیسلامی بابەت و دیاردەیەکی تازە نییە و تەنانەت کۆماری ئیسلامیش خۆی یەکێك لە لێکەوتەکانی ئەو گەمەیە و لە چوارچێوەی پارادایمی شەڕی سارد و تێزی کەمەربەندی سەوزی ڕۆژئاوا لە دەوری یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو هاتە ئاراوە.

لە ماوەی لانیکەم سێ دەیەی ڕابردوودا، زۆر وڵات لە ئاستی جیهانی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، گرووپەکانی جیهادی و تەکفیرییان بۆ بەرژەوندییەکانی خۆیان و ئالوگۆڕ لە هاوکێشەکان بەکارهێناوە. بۆ وێنە پاکستان، عەرەبستان و ....، لێرەدا خاڵی جێگای سەرنج بەشداریی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو گەمەدایە. دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبر و هەستکردنی کۆماری ئیسلامی بە ئالوگۆڕی هاوکێشەکانی ناوچە و لێکەوتەکانی ئەو مەسەلەیە، پەیوەندیی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران و ئەلقاعیدە و ژێرشاخە تەکفیرییەکانی ئەو ڕێکخراوە، ئالوگۆڕی بەسەردا دێت و لە ڕاستیدا ئەو دوو لایەنە سەرەڕای بوونی کێشەی قووڵی ئیدئۆلۆژیکی، بە هۆی بوونی مەترسی و بەرژەوەندیی هاوبەش، هاوپەیمانی پێکدێنن.

کۆماری ئیسلامی لەو هاوپەیمانییەدا ئامانجی جۆراوجۆر تەعقیب دەکات و هەوڵ دەدات کە پۆتانسییەلی جیهادی تەکفیریی سوونی لە فازی مەترسییەوە بکاتە دەرفەت بۆ بەرژەوەنییەکانی دەسەڵاتی شیعیی خۆی. بەشێك لەو ئامانجانە بریتی بوون لە:

- بەکارهێنانی ئەلقاعیدە و ژێرشاخەکانی لە شەڕی ناڕاستەوخۆی نیزامی لەگەڵ ڕۆژئاوا و لێدان لە بەرژەوندییەکانی ڕۆژئاوا.
- نفووز لە قەوارەی تەشکیلاتی ئەو جەریانانە و کۆنترۆڵ و ئاراستە کردنیان لە چوارچێوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا.
- ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ بەرەی دژەتیرۆر و تەنانەت ساتوسەودا بۆ مۆرەکانی ئەلقاعیدە لە کاتی پێویستدا و بەشداریی ڕواڵەتی و فریودەرانە لە شەڕی دژە تیرۆردا.
- بەکارهێنانی کارتی گوشاری جیهادییەکان، بۆ وەرگرتنی ئیمتیاز لە ڕۆژئاوا لەسەر مەسەلەی دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی.
- شکستهێنان بە پڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە و باکووری ئافریقا کە لە لایەن دەوڵەتی ئەوکاتی ئامریکاوە وەك نەخشەی ئاڵوگۆڕەکان ڕاگەیاندرابوو.

بۆیەش دیتمان کە دوای شەڕی ئەفغانستان و عێراق، دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی چۆن ئەلقاعیدە و هاوپەیمانەکانی بۆ بەرژەوندییەکانی خوی بەکارهێناوە. فازی نوێی ئەو گەمەیەی کۆماری ئیسلامی بە کارتی گرووپە تیرۆریستیەکان، دوای بەهاری عەرەبی دەستپێدەکات و بەتایبەت لە شەڕی نێوخۆیی سووریە و هەوڵی خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بە لووتکەی خۆی لەو فازەدا دەگات. حکوومەتی ئیسلامیی ئێران ئەو جارە بە ئاراستەکردنی پوتانسییەلی گرووپە جیهادییەکانی دەستکرد و ژێرکۆنترۆڵی خۆی بۆ ناو شەڕی نێوخۆیی سووریە ، ئاڵوگۆڕەکانی بە ئاراستەی پاراستنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و بەرژەوەندییەکانی خۆی گۆڕی.

لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی توانیی جارێکی دیکە ئەو گرووپانە و لە چوارچێوەی کۆمەڵێك لە پیلانەکانی خۆی بەکار بێنێت کە بریتی بوون لە:

- گۆڕینی سیمای بزاڤی سیکۆلار- دێموکراتیکی خەڵك و ئۆپۆزیسیۆنی سووریە بۆ سیمای بناژوخوازی ئیسلامی و تیرۆریستی کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ناوچە دەکات.
- بەشەڕدانی ئەو گرووپانە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئەسەد و کردنەوەی چەندین بەرەی شەڕ بە قازانجی ڕێژیمی سووریە.
- چەواشەکردنی بیروڕای گشتیی جیهان لە ئاڵوگۆڕەکان و ئەوەیکە ئاڵترناتیڤی ڕێژیمی سووریە و هەر گۆڕانکارییەکی دیکە، بناژووخوازیی ئیسلامیی سوننییە و پەرەگرتنی هێزی گرووپە تیرۆریستیەکانی لێدەکەوێتەوە.

لەو پەیوەندیەدا تەنانەت کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە کورد لە کوردستانی ڕۆژئاواش تووشی ئەو شەڕە بکات و بە داڕشتنی سیناریۆی کۆمەڵکوژی و بزواندنی هەستی گشتیی خەڵکی کوردستان بەرەیەکی دیکەی شەڕ بە قازانجی ڕێژیمی ئەسەد بکاتەوە و لەو نێوانەشدا، دەرفەتی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافەکانی لە دەستی بستێنێت. بەڵام بە خۆشییەوە بە وردبینی و هەستی بەرپرسایەتیی حیزب و لایەنە کوردییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان و پێکهاتنی لێژنەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی تایبەت لە لایەن دەستەی ئامادەکاریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردەوە، ئەو پیلانە لەگەڵ شکست بەروڕوو بۆوە.

لە حالی حازردا کۆماری ئیسلامی بە کایە کردن بە کارتی گرووپی داعش لە ناوچەکانی سوننی نشینی عیراق و کوردستانی باشوور، بو ئاڵۆزکردنی بارودۆخ و گرتنی ماسی لەو ئاوە لێڵە، لە هەوڵی زۆر جیددیدایە و ڕاستەخۆ دەزگاکانی ئەمنییەتیی ڕێژیم و بەتایبەتی هێزی قوودسی سپای پاسدران لەو پێوەندییدا کار دەکەن.

بەڵام ئەو گەمەیە تەنیا بە دەرەوەی ئێران بەرتەسك نابێتەوە و کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدایە کارتی ئەلقاعیدە و گرووپە تەکفیرییەکان بۆ سیناریۆی ڕێژیم لە ناوخۆی وڵات و بەتایبەتی لە ناوچەکانی کوردستان و بلووچستان بەکار بێنێت.

دارا ناتق

# هەنگاوێک لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێراندا

بە درێژایی مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای هەوڵدان بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ژێر زوڵم و زۆری حکوومەتی ناوەندیدا، هەردەم داکۆکیی لە مافی سەرجەم نەتەوە بندەستەکانی ئێران کردووە و خوازیاری پێکهێنانی دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیك و گەلی بووە کە سەرجەم پێکهاتەکانی ئێران مافی وەك یەکیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەبێت و لەو پێناوەشدا نرخی زۆری داوە. هەر لەو پێوەندییەدا حدکا بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا، لە ڕێکەوتی ٢٠ فێوریەی ساڵی ٢٠٠٥ی زاینیدا، بە کۆکردنەوەی نوێنەری سەرجەم نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران لە دەوری بەرنامە و پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە سەر بنەمای خەبات و هەڵدان بۆ پێکهێنانی سیستەمێکی دێموکراتیك و فیدراڵ بۆ داهاتووی ئێران، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵیان دامەزراند. هەر وەك لە یەکەم ڕاگەیەندراوی دامەزراندنی ئەو کۆنگرەیەدا هاتووە و پێداگری لە سەر ئەو ئەسلە دەکات کە وڵاتی ئێران موڵکی هەموو خەڵك و نەتەوەکانی ئەو وڵاتەیە و مافێکە کە بە درێژایی مێژوو لە نەتەوەکانی ئەو وڵاتە سەندراوەتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئێمە زوڵم و ستەمی نەتەوەیی و نادادپەروەری کە ڕێژیم بەرامبەر بەو نەتەوانە بەرێوەی دەبات هەست پێ دەکەین وخەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانی وڵاتەکەمان و قوربانیدانیان لە پێناو دابین کردنی دادپەروەری و ئازادی لە ئێراندا بەرز دەنرخێنین و لەو بڕوایەداین کە ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆر و دژی گەلیی ئیسلامیی ئێران و دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵ لە سەر بنەمایی نەتەوەیی ـ جوگرافیایی وەك میکانیزمێکی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران دەتوانێت بەردەوامی و یەکگرتوویی سەرجەم نەتەوەکانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بپارێزێت و هەر بۆیەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زەروورەتە، یەکگرتوویی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی وڵات بە پێویست دەزانین.

هەروەك دەزانن ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە شەش نەتەوەی فارس، تورك، کورد، عەرەب، بەلوچ و تورکمان پێك هاتووە. بەڵام بە درێژایی مێژوو لە سەر ئەساسی یەك نەتەوەی باڵادەست بەڕێوەچووە و نەتەوەکانی دیکە ژێردەستە بوون و بەردەوام سەرکوت کراون. سیستمی سیاسی لە ئێراندا هیچکات نەیتوانیوە وەڵامدەری ڕاستەقینەی ژیانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بێت و داواکاری و خواستە ڕەواکانی نەتەوە بندەستەکان هەمیشە بە دژایەتی و مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی ئێران لە قەڵەم دراون و بەو بیانووە بەردەوام سەرکووت کراون و مافەکانیان پێشێل کراوە. ئەگەرچی ئێران بە گوێرەی پێکهاتەکەی لە وڵاتێکی فرە نەتەوە پێکهاتووە، بەداخەوە لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا دان بەو نەتەوانەدا نەنراوە و ئەزمونی ڕابردووی ڕێژیم و هەبوونی وەها دەستوورێکی نادێموکراتیك و پڕ لە ناتەبایی، دەرخەری ئەو ڕاستییە کە نەتەوە ستەملێکراوەکان بەردەوام لە چوارچێوەی دەوڵەت و یاسا و ڕێسا دژی گەلییەکانی ئەو ڕێژیمەدا مافیان پێشێل کراوە و لە ژێر جێگیر کردنی کولتوری نەتەوەی باڵادەست واتە یەك نەتەوە، یەك زمان و یەك مەزهەب و یەك ئاڵا، بە بەردەوامی هەوڵی ئاسمیلە کردن و لەنێوبردنی شووناسی نەتەوە بندەستەکانیان داوە.

هەر بۆیەش دەبینن کە بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەڵاواردنانە و بە ڕەسمی نەناسینی نەتەوە ستەملێکراوەکان لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا و پێشێلکردنی مافەکانیان و نیشاندانی ئێران بە یەك نەتەوەی باڵادەستی فارس لە یاسای ئەو وڵاتەدا و دیاریکردنی یەك مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی و...، وایکردووە کە نەتەوە ستەملێکراوەکان ئەو سیستمە بە هی خۆیان نەزانن و بۆ ڕزگار بوون لە دەست چەوسانەوە و زوڵم و زۆری ڕێژیمی دژی گەلیی کوماری ئیسلامی، بەردەوام لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشاندا بن.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە یەکەم ڕاگەیاندنی خۆیدا بە دروستی ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی تۆتالیتێرە و دژی ئازادی و مافەکانی خەڵکی ئێرانە، ڕووخانی ئەو ڕێژیمە مەرجی یەکەمی سەقامگیر بوونی حکومەتێکی فیدراڵ و دێموکراتیکە لە ئێراندا. هەرچەند کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ سەرەتا بە بەشداریی حەوت ڕێکخراو و لایەنی سیاسیی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان دامەزرا، بەڵام توانیی یەکدەنگی و یەکگرتوویەکی سیاسی و تەشکیلاتی پێك بێنێت و ببێتە هەوێنی یەکگرتوویی نێوان نەتەوەکانی ئێران. ئەو کۆنگرەیە توانیی بۆ یەکەمینجار لە مێژووی سیاسیی ئێراندا، بە کۆکردنەوەی بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراو و هێز و لایەنە سیاسی و ئازادیخوازەکان لە دەوری یەك پلاتفۆرمی هاوبەش، دەرگای هاوکاری و یەکگرتوویی لە نێوان نەتەوە ستەملێکراوەکاندا پێك بێنێت و بە دانانی بەرنامە و پرۆژەیەکی هاوبەش و ڕێکەوتن لەسەر میکانیزمی سیاسیی داهاتووی ئێران، دژ بە حکوومەتی ناوەندی و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە پلانیان هەبێت و هەروەها بە بەرفراوان کردنی بازنەی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی خۆی، هێز و ڕێکخراوی زیاتر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە.

بۆیە چالاکتر کردن و بەهێزتر کردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، بە یەك گوتاری هاوبەشی سیاسی لەمەڕ سیستمی داهاتووی ئێران، وێڕای ئەوەی کە دەتوانێت کاریگەریەکی باشتری لە کۆڕ و ناوەندە جیهانییەکاندا هەبێت، هاوکات یەکگرتوویی سیاسی و تەشکیلاتیی نێوان هێز و ڕێکخراوەکانی ئێرانی بەهێزتر دەکات و ئیرادەی یەکگرتوویی و ئازادیخوازی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران لە نێوخۆی وڵاتدا بەهێزتر دەکات و دەبێتە گەرەنتی پێکهێنانی سیستمی داهاتووی وڵات لە سەر بنەمای فیدراڵیزمی جوگرافیایی ـ نەتەوەیی و دابینبوونی مافی سەرجەم پێکهاتەکانی ئێران.

## ڕۆژهەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا و کردەوەی ڕووسیە لە ئۆکراین

ماڵپەڕی "نیۆیۆرك تایمز" وتارێکی بە قەڵەمی دەیڤید ج. کرامێر لە ژێر ناوی "سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا بە هۆی کردەوەی ڕووسیە لە ئۆکرایندا تووشی کۆسپ دەبێ"، لەسەر ڕووداوەکانی ئەمدواییانەی ئۆکراین بڵاو کردەوە. کرامێر سکرتێری دامەزراوەی خانەی ئازادی و کارگێڕی پێشووی یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوە لەمەڕ ڕووسیە و ئۆکراین لە دامەزراوەی جۆرج دەبلیو بووش"ە.

لە سەرەتای وتارەکەدا هاتووە: "سەرۆك ئۆباما لەگەڵ قورسترین کێشەی سەرۆکایەتییەکەی ڕووبەرووە کە چۆنیەتیی وەڵامدانەوە بە دەستدرێژیی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراینە. ئەوەی کە چۆن وەڵام دەداتەوە، پێناسەکەری هەر دوو دەورەی سەرۆکایەتییەکەی و هەروەها دیاریکەری داهاتووی ئۆکراین، ڕووسیە و ئەمریکا لە جیهاندایە. بەگشتی، ئەگەر ولادیمیر پووتینی سەرەڕۆ ڕێگەی پێبدرێ لە هێرشە دنەدەرانەکەی دژی وڵاتی دراوسێی هەڵبێت، کە پێشێلکردنی ئاشکرای سەروەریی ئەو وڵاتە و یەکپارچەییەتی، ئەوا متمانەپێکراویی ئەمریکا کە هەنووکە بە هۆی هەڵوێستی لاوازی ئۆباما لەمەڕ سووریە تووشی خەسار بووە، دەگاتە ژێر سیفر. هاوپەیمانەکان بڕوامان پێناکەن، دوژمنان لێمان ناترسن و جیهان دەبێتە شوێنێکی مەترسیدار".

لە بەشێکی دیکەدا نووسەر چەند پێشنیار بۆ ئۆباما دەخاتە ڕوو. دەنووسێ: "هەندێ شت هەن کە ئۆباما پێویستە دەستبەجێ ئەنجامیان بدات، هەندێ بە هاوکاری لەگەڵ هاوپەیمانە ئەورووپاییەکان و هاوپەیمانەکانمان لە ناتۆدا و هەندێکیشیان بۆ خۆمان. ئەوانە بریتین لە:

ـ دانانی گەمارۆ دژی بانکە دەوڵەتییەکان و دامەزراوە ماڵییەکانی ڕووسیە،

ـ پەرەپێدان بە داواکاریی پەسندکراوی ٢٠١٢ سێرگی ماگنیتسکی لە یاسادا دژی کۆمەڵەی بەرپرسانی کرێملین، لەوانە پووتین،

ـ کۆتاییهێنان بە هەموو وتووێژەکان لەگەڵ ڕووسیە لەسەر هەر ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانی کە ئەگەری هەبێ یان بازاڕێکی هاندەرانەی نێوانیان،

ـ ناردنی کەشتییە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ دەریای ڕەش لە پێناو ئامادەبوون بۆ هەر ڕووداوێکی لەناکاو،

ـ گوشارهێنان بۆ ئەوەی شووڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسندکراوێکی شەرمەزارکردنی دەستدرێژیی ڕووسیە دژی دراوسێکەی پەسند بکات، تەنانەت سەرەڕای ئەوەش کە ڕووسیە ئاشکرایە ڤیتۆی دەکات،

ـ پەیوەستبوونی بە گرووپی دیکەی هەشت ئەندامی لە وەدەرنانی ڕووسیە و ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەکانی ئۆباما بۆ سەردانی سووچی، ئەو شوێنەی کە پووتین لەوێ دەبێتە خانەخوێی کۆبوونەوەی ئەمساڵی G٨ لە ژووئەندا."

لە کۆتایی وتارەکەدا، دەنووسێ: "لانیکەم ئێمە دەتوانین ئیدی گوێمان لەو قسانەی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما و کۆمەڵگای شرۆڤەکار نەبێ کە داوا لە ڕووسیە دەکەن ڕۆڵێکی لە بڕیاردان لەسەر داهاتووی ئۆکراین یان "فەنلاندیزە"کردنی ئۆکراین لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هەبێ کە لەودا بە ڕووسیە بەڵێن بدرێ کە ئۆکراین هیچکات بە ناتۆ پەیوەست نابێ. کردەوەی پووتین لە ئۆکراین پێویستە بۆ هەمووانی ڕوون کردبێتەوە کە تا کاتێك ئەو لە دەسەڵاتدا بێت، ڕووسیە وەکوو هەڕەشەیەك بۆ سەر ئازادی و بۆ سەر زۆرێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەمێنێتەوە".

سەرچاوە:
Newyorktimes.com

# فریشتە بچووکەکان

ئەفسانە سروش


ئەوان لەوسەری سەرەوەی
فیردەوسەوە هاتون
ڕوح دەنێنەوە
ناو تەرمی ئومێد، و
هەناسەی خوداش دەکەنەوە
ناو سیەکانی ئارەزووم...
تۆ نایان بینی نا
ئەوان فریشتە بچوکەکانی منن
نایان بینی چۆن لەدەورم
ئەفرن و ئەنیشنەوە
لەسەر شانم و
کەزی خەمم
هێدی هێدی شانە دەکەن...
دەنیشنەوە لەسەر کراسەکەم

ڕوحم لە دەستی
مەرگ دەردێنن و
بەدیواری ژیانەوە
هەڵیەواسن...
ئەوان فریشتە بچوکەکانی منن
تۆ نایان بینی نا
ئەوان لەوسەری سەرەوەی فیردەوسەوە
بۆ لای من هاتون
ئەوان کراسی ژیانیان کردۆتە بەرم
ئەوان بەڵێ ئەوانن
تۆشیان وەك جەلادێکی مەرەبان
لەلای من خۆشەویست کردوە.
ئەگەر چی تۆ
نایان بینی نا.

# شیناوێ

بەهار حسێنی

چوار دیوار
بە زمانێکی نامۆ دەدوان
یەک لە دوای یەک وتمانەوە
ئەمە بێیەکی تەنیا و ئەمە ئایێکی بێ کڵاو
و...




"با" لە کەلێنەکانی
دیواردا خۆی حەشاردا
"با" لە کلێنەکانی ئێمەدا
سەرما بردبووی
"با" لەدەستەکانی ئێمەدا دەگریا
لەناکاو
گەرمایەک تا
تەزی نینۆکانمان لە گیرفانماندا
هاواری کرد
سپی سپی
"با" لەسەر تەختە ڕەشەکە توایەوە.
ڕەش ڕەش
پرچمان لە چەفیەی سپیماندا توایەوە.
پشیلەیەک میاواندی و
چرنۆکی لە دیوار گرت.
ئێمە توواینەوە لە زاکیرەی پشیلەیەکدا
لەسەر دیوارە نامۆکە
کە بەخەتێکی نامۆ
لێی نووسرابوو.
"کلاس"
ئێمە
بە زمانێک کە نەیانەناسی قریشکاندمان.
دیوارەکان
هێشتا لە دووی پیتێکی تر بوون
لە "با" تێبکەن
وەک داڵ بەسەرمانەوە
قورس بوون
بێیەکی تەنیا ئایێکی بێ کڵاو و داڵێک
"باد" و
لە ئێمەدا "با" ناگر هەڵی کردبوو و
خەونێک لە ئێمەدا بۆ هەمیشە
با بردی.

# خۆر دەنیشێ

و: فەریدوون ئەرشەدی

دێر زەمانێك نییە تینووی
ئەی دڵی سووتاو.
مزگێنیەك لە هەوادایە
دەشنێ لە زارێکی نەناسراوە بەرەو من،
فێنکایی مەزن بەڕێوەیە.
خۆرەتاوەکەم وەستاوە بەسەرسەرمەوە
لە نیوەڕۆدا
گەرم:
دێتە پێشوازم ،چوونکە تۆ دێیت

بادی ناکاوت
ڕووحی فێنکی پاش نیوەڕۆت.
با غەریب و پاکە
ئاخۆ ئیرەییم پێ نابات شەو
بە فریوکارییە بێ ئەنجامەکەی؟
بەهێز بمێنە ، ئەی دڵی دڵێرم
بەهێز بمێنە و
مەپرسە: بۆ؟

فریدریش نیچە

# مۆبایل دز

## (لە سەر بناغەی ئەفسانەیەکی چینی)

ن: فرانستی هولێر

و: هەرمان

جارێك مۆبایلی پیاوێك ون بوو، ژێر قەرەوێڵەی چاولێکرد، بان مێزی نووسین و بان کومێدی حەمامی پشکنی، کاتێك لە هیچ قوژبنێ نەیدۆزیوە، شك کەوتە دڵی کە کەسێك لێی دزیوە.

"شۆردن" بە خێرایی بیری لە دزەکە کردەوە، ئەوەی زەینی بۆی دەچوو، پیاوێکی گەنجی نهۆمی سەروویان بوو. لەوە بە دوا بڕیاریدا کابرا بخاتە ژێر چاوەدێری، هەڵسوکەوتی پیاوی گەنج لە پێش چاوی چەشنی جم وجۆڵی مۆبایل دزەکان بوو، ڕوانینیشی وەك ڕوانینی مۆبایل دزەکان بوو، تەنانەت جل وبەرگەکانی بەریشی لەگەڵ جل وبەرگی مۆبایل دزەکان مووی لێنەدەدا!

ئیستا کێشەکە ئەمە بوو کە چلۆن کابرا لەم باسە تێبگەیەنێ. کابرا لای خۆی بیری کردەوە " لەوانەیە باشترین ڕێگە ئەمە بێت کە چاوەڕێی ڕۆیشتنی بم و دوایی بچمە ئاپارتمانەکەی و هەموو شوێنێك باش بگەڕێم."



هەربۆیەش بۆ قایم کاری زیاتر بیری لەوە کردەوە دەستکێش بکاتە دەستی، بە شوێن دەستکێشەکانیا، کومێدی جل و بەرگەکانی کردەوە و مۆبایلەکەی لە گیرفانی چاکەتی پڵاوخواردنەکەیا دۆزییەوە.

جارێکیتر کە پیاوە گەنجەکەی لە سەر قاڵدرمەکان بینی، سەرنجی دا، هەڵسوکەوتی هیچ نیشانەیەکی لە مۆبایل دزەکان نەبوو. تەنانەت ڕوانینیشی لە ڕوانینی دزەکان نادەچوو و جلوبەرگەکانی بەریشی بەتەواوی وەك جل وبەرگی ئاسایی هەر گەنجێکی دیکە بوو. پیاوە گەنجەکە لەم پیاوەی نهۆمی خوارەوە کە بەم چەشنە لێی دەڕوانی، گومانی کرد و بەلای خۆیەوە بیری لەوە کردەوە: " کابرا وا لێم دەڕوانێ ئەڵێی مۆبایلەکەم ئەو دزیویەتی." لە ڕاستیدا لە دوێنەکەوە مۆبایلەکەی ون کردبوو!

# فرمێسک و پێکەنینەکان، دوایین ئەندامی گرووپی موزیکی تراپ کۆچی دوایی کرد

و: مەعتاب مەعرووفی

دوایین ئەندامی گرووپی مووسیقای بنەماڵەی تراپ کە فیلمی موزیکاڵی (فرمێسك و پێکەنینەکان)بەپێی چیرۆکی ئەوان درووست کراوە، ڕۆژی سێ شەممەی حەوتووی ڕابردوو، لە تەمەنی ٩٩ ساڵیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ماریا فۆن تراپ بە وتەی براکەی یوهانس فۆن تراپ لە خانووەکەی خۆیدا لە هەرێمی ورمۆنت کۆچی دوایی کردووە.

بنەماڵەی فۆن تراپ لە ڕەوتی داگیرکردنی ئۆتریش لە لایەن نازییەکانەوە لە ساڵی ١٩٣٨ی لە وڵاتەکەیان هەڵاتن و بەرەو ئامریکا کۆچیان کرد.

چیرۆکی ژیان و هەڵاتنی ئەوان سەرچاوەی ئیلهامی موزیکاڵێ بوو کە لە ساڵی ١٩٥٩ی چووە سەر شانۆ و دواتر لە ساڵی ١٩٦٥ بوو بە فیلمی نەوای مووسیقا.

نەوای مووسیقا، چیرۆکی ژنەقشەیەکی لاو بە ناوی ماریا ئاگۆستا فۆن تراپ (زڕدایکی ماریا فۆن تراپ کە لەم دواییانەدا کۆچی دوایی کردووە) دەگێڕێتەوە کە بە مەبەستی پەرەستاریی حەوت منداڵی گیئۆرك فۆن تراپ، ئەفسەرێکی هێزی دەریایی (بە ئەکتەریی کریستۆفێر پلامێر لە فیلمەکەدا) کەنیسەیەك لە ئۆتریش بە جێ دێڵێ و مووسیقا فێری منداڵەکانی فۆن تراپ دەکات.

ڕۆڵی ئەم قەشەیە لە فیلمەکەدا "جولی ئەندروز"، ئەکتەرێکی ئینگلیسی گێڕاویەتی، کە بەو بۆنەوە خەڵاتی گوڵدن گلۆوبی باشترین ئەکتەری ژنی وەرگرت و بوو بە پاڵێوراوی وەرگرتنی خەڵاتی ئۆسکار.

ئەم فیلمە موزیکاڵە وەرگێڕاوێکی ئازادە لە کتێبێك بە ناوی "چیرۆکی گۆرانیبێژانی بنەماڵەی تراپ" کە پەرستاری منداڵانی گیئۆرك فۆن تراپ لە ساڵی ١٩٤٩دا نووسیویەتی. ماریا ئاگوستا فۆن تراپ لە ئاکامدا بوو بە هاوسەری ئەم ئەفسەرە ئوتریشییە و لە ساڵی ١٩٨٧دا کۆچی دوایی کرد.



ماریا فۆن تراپ کە لەم دواییانەدا کۆچی دوایی کرد، دووهەمین کچی کاپیتان فۆن تراپ لە ژنی یەکەمی بوو کە لە فیلم و موزیکاڵی نەوای مووسیقادا، ناوی لوئیزا بوو.

بنەماڵەی فۆن تراپ پاش ئەو گەشتەی کە لە ئامریکا کردیان لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٩٤٢ بوون بە دانیشتووی هەرێمی ورمۆنت.

وەرگێڕدراوی یەکێك لە گۆرانییەکانی نەوای مووسیقا:

دۆ، دوو شەو نەنووستم
ڕێ، ڕووی مانگتم بینی
می، باران دەیهەوێ بباریێ
فا، فاڵ دەگرمەوە ئێستا
سۆل، سوڵح زۆر باشترە
لا، لادەن دڵ دەبات
سی، تێرم ئیتر لە تۆ

ئاوازە موزیکاڵییەکانی نەوای مووسیقا لە لایەن "ئۆسکار هەمرستاین"ەوە هۆنراوە و مووسیقاکەشی "ڕیچارد ڕاجێرز" دایناوە. لە ساڵی ١٩٦٥دا "ڕابێرت وایز" لە ڕووی ئەوەوە فیلمێکی دروست کردووە کە بوو بە یەکێك هەرماوترین مووزیکاڵەکانی مێژووی سینەما. ئەم فیلمە پێنج خەڵاتی ئۆسکاری بۆ وێنە خەڵاتەکانی باشترین فیلم و باشترین دەرهێنانی وەدەست هێنا.

نەوای مووسیقا لە ئێران وەکوو فرمێسك و پێکەنینەکان دوبلاژ کرا. ئاوازەکانی لە لایەن کەریم فەککور و توورەج نێگەهبان شاعیر و ئاوازدانەرانی ئێرانی وەرگێڕدرانەوە سەر زمانی فارسی و و عەلی کەسمایی بەڕێوەبەریی دوبلەکەی وەئەستۆ گرت.

دوبلاژی ئەو فیلمە لە ئێران لە لایەن ڕەخنەگرانەوە، وەکوو باشترین دوبلەی فیلمە بیانییەکان بۆ سەر فارسی، هەڵبژێردرا. هەر کەسایەتییەکی فیلمەکە لە لایەن دوو دوبلۆرەوە دوبلە کراوەتەوە، یەکیان بۆ ئەو بەشانەی کە ئاوازیان تێدایە و یەکیشیان بۆ ئەو بەشانەی کە دیالۆگن.

ژالە کازمی (ماریا)، عەلی کەسمایی (کاپیتان فۆن تراپ)، ڕفعەت هاشم پوور (بارونس شرایدێر) و خوسرەو خوسرەوشاهی (ماکس) لە دوبلۆرەکانی بەشەکانی بێ ئاوازی دوبلەی فارسی ئەم فیلمە بوون.

دوو مانگ لەمەوبەریش "ئێلنۆر پارکێر"، ئەکتەری هالیوود کە ڕۆڵی بارونس لە فیلمی نەوای مووسیقا دەگێڕێ، لە تەمەنی ٩١ ساڵیدا لە کالیفۆڕنیا کۆچی دوایی دەکات.

# ئەسغەر فەرهادی نیشانی بەرزی هونەر و ئەدەبیاتی فەرانسەی وەرگرت

و: سمایل ڕەحمانی

ئەسغەری فەرهادی دەرهێنەری ئێرانی و یەکەم براوەی خەڵاتی ئوسکار لە ئێراندا، نیشانی بەرزی هونەر و ئەدەبیاتی وڵاتی فەرانسەی پێدرا.

بە پێی ڕاپۆرتی وێب سایتی وەزارەتی فەرهەنگ و پێوەندییەکانی فەرانسە، ئاغای فەرهادی ڕۆژی پێنجشەممە ٨ی ڕەشەمە ئەم نیشانە بەرزەی لە خاتوو "ئۆرلی فیلیپیت"ی وەزیری فەرهەنگی ئەو وڵاتە وەرگرت.

بە پێی ڕاپۆرتی کاناڵی "وان مینێت" و بەو جۆرەی کە وێنەکانی ئاغای فەرهادی دەری دەخات ئەو بووە بە براوەی نیشانی ئەفسەری.

ئەو نیشانە لەگەڵ گوڵێك لە جنسی کوتاڵی ڕازاوە دەدرێ لە سەر سینگی چەپی کەسی براوە و هەموو ساڵێك ٦٠ کەس وەکوو براوە ڕادەگەیەنرێت.

نیشانی بەرزی هونەر و ئەدەبیاتی فەرانسە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە هەموو ساڵێك بەو کەسانە دەبەخشرێ کە بەشداریی بەرچاویان لە بواری بەرەوپێشبردنی کولتور و هونەر و ئەدەبیاتدا بووە.

نیشانی بەرزی کولتور و هونەر بەشێکە لە خەڵاتی"نشان شوالیە ملی لیاقت" (نیشانی شوالیەی نەتەوەیی لێهاتوویی)، کە لە لایەن ژنراڵ دووگۆلەوە دامەزراوە.

ئاغای فەرهادی کە ئێستا گرێبەستی دروست کردنی فیلمێکی دیکەی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕۆژئاوایی واژۆ کردووە، لە ساڵی ٢٠١٣ دا، بە بەرهەمهێنانی فیلمی "ڕابردوو" (بەرهەمی وڵاتی فەرانسە) لە فێستیڤاڵی فیلمی "کان" بەشداری کرد و "برینس بژۆ" ئەکتەری ژنی ئەو فیلمە توانی خەڵاتی باشترین ڕۆڵی سەرەکی ژن بۆ ڕۆڵگێڕان لەو فیلمەدا بە دەست بێنێ.



ئەسغەری فەرهادی لە سالی ٢٠١٢دا بە بەرهەمهێنانی فیلمی(دابڕانی نادر لە سیمین) توانی ناوبانگی جیهانی بە دەست بێنێ. لە فێستیڤاڵی فیلمی بێرلین "ورچی زێڕینی"باشترین فیلم درا بە فیلمی دابڕانی نادر لە سیمین و هەروەها ئەکتەرە ژنەکانی ئەو فیلمە ( لەیلا حاتەمی و سارا بەیات) و پیاوەکان (پەیمان مەعادی، شەهاب حوسەینی، عەلی ئەسغەر شابازی و بابەك کەریمی) بە شێوەی هاوبەش خەڵاتی ورچی زیوینیان پێدرا.

بێجگە لە فستیواڵی بێرلین، فیلمی ئاغای فەرهادی لە فەرانسە و ئامریکا ستایشی زۆری لێکرا و خەڵاتەکانی ئۆسکار، سزار و گوڵدن گلوبی لە بەشی باشترین فیلمی بیانی بردەوە.

## پۆست ئیمپرسیونیسم

ئەم قوتابخانەیە لقێکە لە ئێمپرسیۆنیسم کە لە لایەن " پۆل سێزان" هاتە گۆڕێ کە لەودا ناواخن و بابەتەکان بە شێوەی تەواو ئەندازیاریی و شکڵە ئەفلاتوونییەکان نمایش دەکرێن. سێزان لەم بزووتنەوەیەدا بۆ نمایشی قووڵایی، لە دژبەریی ڕەنگە سارد و گەرمەکان( مدولاسیونی ڕەنگی) کەڵکی وەردەگرت. پتەوی لە پێکهاتەی ئاوێتەچنی، ڕوونبوونی شکڵ و فۆرم، جەختکردن لە سەر دەربڕینی دەروونی بە هاوکاریی ڕەنگ و شکڵ، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەییە هونەرییە.

هونەرمەندە هەڵکەوتووەکانی ئەم قوتابخانەیەیش پۆل سێزان، وەنسان وەنگۆك و پۆل گوگێنن.

## هەواڵ

### مەریوان خانەخوێی فێستیڤاڵێکی تایبەت بە وێنەگری بە مۆبایل دەبێت

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا "ناوەندی فەرهەنگی - هونەریی ڤەژین لە بانگەوازێکدا، ڕایگەیاندووە" کە دووەمین فێستیڤاڵی ساڵانەی "وێنە بە مۆبایل" لە ئاستی ئوستانی کوردستاندا ڕێك دەخات.

ئەو ناوەندە فەرهەنگییە، داوای لە هەموو هۆگرانی هونەری وێنەگری کردووە، کە هەتا ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەشەمەی ئەمساڵ بەرهەمەکانیان هاوپێچ لەگەڵ مۆدێلی مۆبایلەکەیان بە ناونیشانی ئینتێرنێتیی mobilphoto@vejin.org ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیی فێستیڤاڵەکە بکەن.

بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵەکە ڕایانگەیاندووە، بابەتی فێستیڤاڵەکە ئازادە و هەر کەسێك دەیهەوێ لەو فێستیڤاڵەدا بەشداری بکات، دەتوانی هەتا سێ وێنە بە بابەتی جۆراوجۆرەوە بنێرێت.

ناوەندی فەرهەنگی – هونەریی ڤەژین، کە بە یەکێك لە چالاکترین ناوەندە فەرهەنگییەکان لە ئاستی کوردستاندا دێتە ئەژمار، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێك چالاکیی فەرهەنگی و هونەریی وەك: کۆڕی ڕێزلێنان لە هەنەرمەندان، بەرز ڕاگرتنی شەوی یەلدا و کۆمەڵێك خولی فێرکاریی زمانی کوردی، مۆسیقا و شێعری کوردی لە شاری مەریوان بەڕێوە بردووە.

ئەو ناوەندە هاوینی ئەمساڵ چەندین خولی زمانی کوردی بەڕێوە برد، کە لە سێ ئاستی پۆلی یەك "ڕێنووس" - پۆلی دوو "ڕێنووسی لاتین و ڕێزمان" و پۆلی سێ "زمان و ئەدەبیات" پێکهاتبوو.

### شەش خەڵاتی ئۆسکار بۆ فیلمی "هێزی ڕاکێشان"

لە هەشتاو شەشەمین ڕێوڕەسمی خەڵاتە سینەماییەکانی ئۆسکاردا فیلمی "هێزی ڕاکێشان" بە درهێنەریی ئالفۆنسۆ کوارون شەش ئۆسکاری بەدەستهێنا. پێنج ئۆسکار بۆ باشترین هەڵەچنی، باشترین دەنگهەڵگری، تێکەڵکردنی دەنگ، باشترین ترۆکاژ (فریوی سینەمایی) و باشترین سینەماتۆگرافی بە فیلمی هێزی ڕاکێشان درا. ئالفۆنسۆ کوارون، دەرهێنەری مێکزیکی، خەڵاتی ئۆسکاری باشترین دەرهێنەری بۆ خۆی تەرخان کرد.

کیت بلانشێت، ئۆسکاری باشترین ئەکتەری ژنی بۆ ڕۆڵگیڕان لە فیلمی "یاسەمینی شین" بەدەستهێنا و "ماتیۆ مەك کوناهی" ئۆسکاری باشترین ئەکتەری پیاوی بۆ ڕۆڵگێڕان لە فیلمی "کلوپی کڕیارانی دالاس" بەدەستهێنا.

فیلمی" دوانزە ساڵ کوێلەتی" ئۆسکاری باشترین فیلمی ساڵی بەدەستهێنا.

لوپیتا نیونگۆ، وەك باشترین ئەکتەری ژنی تەواوکەر لە فیلمی "دوانزە ساڵ کوێلەتی" ئۆسکاری وەرگرت. ئۆسکاری ڕۆڵی تەواوکەری پیاو درایە "جێرد لێتۆ" بۆ ڕۆڵگێڕان لە فیلمی "کلوپی کڕیارانی دالاس"دا.


فیلمی "جوانیی مەزن" بە دەرهێنەری "پائولۆ سورنتینۆ" لە ئیتالیا بوو بە براوەی ئۆسکاری باشترین فیلمی دەرەکی.




بێ دوان...

شەهاب خالیدی

# چەند زمانی چارەسەری بنەڕەتیی پاراستنی یەکپارچەیی




لە چەندین وڵات زیاتر لە زمانێك، وەك زمانی فەرمیی ناسراوە و ئەو چەند زمانییە نەك نەبووەتە هۆی هەڕەشەی زمانێك بۆ سەر زمانێکی دیکە و تەناهیی و یەکپارچەیی ئەو وڵاتانەی تێك نەداوە، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانە، ئەو وڵاتانە کە خاوەنی چەند زمانی فەرمین (وەکوو سوویس کە خاوەنی چوار زمانی فەرمی و ئیتالیا شەش و بلژیك سێ زمان فەرمی و ...)، لەوپەڕی تەناهی و پێشکەوتندا دەژین. بەڵام بە داخەوە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخووندەکان و لە ژێر هێژمۆنیی یەك ئاڵایی، یەك نەتەوەیی، یەك خاك و یەك زمانیدا! نەتەنیا نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە ناتوانن لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتیی ئەو وڵاتەشدا بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن و بنووسن، بەڵکوو لەو وڵاتەدا هەتا ناوەندێکی وەك فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبیاتی فارسی، خوێندن بە زمانی زگماکی لە لایەن تاکەکانی هەر یەك لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێرانەوە وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر زمانی بە زۆر سەپێنراو بە سەر خەڵکدا دەزانێ.

بێگومان ئەوان لە کاتێکدا ئەو هێرشە مەبەستدارە دەکەنە سەر زمانی ئەو نەتەوانە، کە زمانی هەموو ئەو نەتەوانە خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەن کە زمانە زیندووەکانی جیهان هەیانە. بۆ نموونە زمانی کوردی بە پێی ڕیزبەندکردنی زمانە یەکەمەکانی جیهان کە لە لایەن گۆڤاری نێونەتەوەیی "Le francais dans le monde" ژمارەی ٣٥٥ سالی ٢٠٠٨ ەوە ئەنجام دراوە، لە نێو ٨٨ زمانی جیهاندا، زمانی کوردی لە پلەی سی و یەکەمدا جێی گرتووە. هەر ئەو زمانە ئێستا لە پارچەیەکی کوردستاندا (هەرێمی کوردستانی باشوور) زمانی فەرمیی دەسەڵاتی کوردییە و بە شێوەیەکی فەرمی لە قوتابخانەکاندا بەو زمانە دەخوێندرێ و پێی دەنووسرێ و لە ئیدارەکان و وزارەتەخانەکانی ئەو هەرێمە کاری پێ دەکرێ و لە هەمانکاتدا بە سەدان و بگرە هەزاران کتێب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بەو زمانە نووسراون و یان وەرگێردراونەتەوە. بۆیە ئەو زمانە تازە بە سیاسەتی ئاسیملاسیۆنی نەتەوەکان تێدا ناچێ و بە هەڕەشە زانینی ئەو زمانە و قەدەغەکردنی خوێندن و نووسین بەو زمانە ناتوانێ پێش بە پێشکەوتنی ئەو زمانە بگرێ. هەڵبەت ئەو نموونەیە بۆ زمانەکانی تورکی و عەرەبیش هەر وایە کە زمانی تورکیی ئازەری زمانی فەرمیی دەسەڵاتی ئازەربایجان و زمانی عەرەبیش زمانی فەرمیی چەندین وڵاتی عەرەبییە و چەندین ساڵە کاریان پێ دەکرێ و هەوڵی لەنێوبردنی ئەو زمانانە لە ئێراندا بێ گومان هەوڵێکی بێ ئاکامە.


لە لایەکی دیکەشەوە دژایەتیی کاربەدستانی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ خوێندن و نووسینی نەتەوەکانی ئێران بە زمانی زگماکی لە کاتێکدایە کە لە وڵاتە ئەورووپاییەکاندا تەنانەت ئیزن بە پەنابەرانی وڵاتانی دیکەش دەدەن و کارئاسانیان بۆ دەکەن کە بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن و گەشە بکەن. بۆ وێنە لەو وڵاتانەدا دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤەکان و زمانەکانیان لە ئاستێکدایە کە هەر ئەو فارس زمانانەی کە دژایەتیی زمانەکانی دیکە دەکەن، منداڵەکانیان لە وڵاتە ئەورووپاییەکاندا لە پاڵ خوێندنی زمانی فەرمیی ئەو وڵاتانە بە زمانی خۆیشیان دەخوێنن و دەنووسن و ئەمەش نابێتە هیچ هەڕەشەیێك بۆ سەر تەناهیی ئەو وڵاتانە.

هەر چەند کە شوورای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگیی ئێران، لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨دا، پێشنیاری خوێندن بە زمانە "ناوچەیی و قەومییەکان" لە هێندێك لە زانستەکانی وڵاتی پەسەند کرد و بەو پێیەش ئیزن بە وەزارەتخانەکان درا کە دوو یەکەی دەرسیی زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکانی غەیری فارس لە زانکۆکانی سەر بە پارێزگا پێوەندیدارەکاندا بخوێندرێن، بەڵام ئەم مافە تەنانەت زۆر لەو مافە کەمتر و بچوکتر بوو کە لە ماددەی ١٥ ی یاسایی بنەڕتیی ئێراندا هاتووە و ئەمە ناتوانێ نەتەوەکان بێدەنگ و ڕازی بکات.

بۆیە پێشێلکردنی ماددەی ٣٠ ی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بواری ڕێزگرتن لە زمانی نەتەوەکان کە لە ساڵی ١٩٨٩دا پەسەند کراوە و پشت گوێ خستنی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕتیی (کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران بۆ خۆیان پەسەندیان کردوە)، تەنیا ئەو پەڕی ڕەگەزپەرەستی و بە کەمگرتنی زمانەکانی غەیری فارسی و زەوتکردنی یەکێك لە مافە هەرە گرینگە مرۆڤی، دینی و یاساییەکانی ئەو نەتەوانەیە و ناتوانێ پاساوهەڵگر بێ و بێگومان ئەم سیاسەتە دژی مرۆییە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی تێکدانی تەناهیی وڵات و بەهێزکردنی هەستی جیاییخوازی. هەر بۆیە تەنیا چارەسەر بۆ یەکپارچە مانەوەی وڵاتی ئێران لە داهاتووی ناوچەکە و جیهاندا، ڕێزگرتن لە مافی هەموو نەتەوەکانە بەبێ فەرق و جیاوازی.

فاتمە عوسمانی

# هەشتی مارس




ماوەی زیاتر لە یەك سەدە بەسەر ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژناندا تێدەپەڕێ، واتە ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی کە لە مێژووی خەباتی کرداریی ژن لە جیهاندا ڕوویدا. ژنانی جیهان هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا لەگەڵ یادکردنەوەی سیمبۆلیکی ئەو ڕۆژە، هەوڵیان ئەوەیە کە پێشکەوتنەکانی خۆیان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و ...، بخەنە بەرباس و لایەنە پۆزێتیف و نێگەتیڤەکانی بواری چالاکیی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی مافە مرۆییەکانیان و وەرگرتنی بواری ژیان بە شێوەیەك کە مافی هەر مرۆڤێکە، هەڵسەنگێنن. بۆیە ژنانی جیهان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە دیمۆکراسی تێیدا سەروەرە و یاسا پارێزەری مافی مرۆڤە و لەمپەر بۆ بەڕێوەچوونی ئەم یاسا مرۆڤدۆستانەیە کەمترە، ژنان دەستیان کراوەترە بۆ کارکردن لەسەر پێشکەوتنی زیاتری یاساکان، کارپێکردنیان و بنبڕکردنی کێشەکانی خۆیان، ئەمەش وای کردووە کە ژنان لەو وڵاتانەی لێکۆڵینەوەی ریشەییتر و زانستیتریان بۆ کێشەی ژن هەبێ. بۆیە ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو ژنانە لە وڵاتی خۆیاندا، سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵگا و خەڵکی خاوەن دەسەڵات لەو وڵاتانەدا باوەڕیان بە چارەسەرکردنی کێشە و لابردنی لەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی ژنان وەك پێکهاتەیەکی کاریگەر لە ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەدا، لەگەڵ ئەوەی کە لەوانەیە بۆچوونی جیاواز بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە هەبێ، بەڵام لەکۆتاییدا زۆربەی بۆچوونەکان لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە کە ئەویش مرۆڤ بوونی ژن و ئازادی بۆ مرۆڤایەتییە. بۆیە ئەو بنەمایی بوونە لە باوەڕ هێنان بە کێشە زووتر بە ئامانج دەگا کە بەڕاستی ئامانجێکی مرۆڤ دۆستانەیە نەك ژن دۆستانە، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتانی وەك وڵاتی ئێمە، کۆمەڵگا و پەروەردەی کۆمەڵایەتی دیوارێکی بێ دەروازەیە. ژنانیش وەك هەموو توێژەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگایە پێش ئەوەی باوەڕی قووڵ و ڕاستەقینەیان بە مرۆڤ بوونی خۆیان هەبێ باوەڕیان بە ژن بوونە وەك سیفەتێکی زۆر باش کە لە جوانیی و پاکیی و پیرۆزی داناماڵرێ. پیاوانی خاوەن ڕای کۆمەڵگاکەش هەوڵیان ئەوەیە کە ژنان زیاتر بەرەو ئەو ئەقارە هان بدەن کە لە ڕوانگەی ژنانەوە بە داکۆکیکاری مافەکانیان دادەنرێن. هەرچەند پیاوانێکیش لەو کۆمەڵگایەدا هەن کە هەوڵ دەدەن ڕێڕەوی خەباتی ژنان لەو شێوەیە بگۆڕن و بوارە مرۆییەکەی ئەو خەباتە پیشان بدەن، هەرچەندە ئەوان بۆچوونی خۆیان بە ڕەخنە دەردەبڕن کە لەوانەیە ئەو ڕەخنانە هێندێك جار دەروونی ژنان بریندار بکا و ورەی خەباتیان دابەزێنێ و ئەو ڕەخنە و بۆچوونانە زۆر نێگەتیڤ و دژ بە ژن لێك بدەنەوە، بەڵام پێدەچێ ئامانجی ئەو شێوە ڕەخنە گرتن و دەربڕینە ئەوە بێ کە ژنان وا بیر دەکەنەوە کە پێویستە بواری پۆزێتیڤی بابەتەکە ببینن و هەوڵ بدەن لە ڕێگەی پلان و بەرنامەی کاراوە بۆشاییەکانی خەباتی خۆیان بۆ دەستبەرکردنی مافە مرۆییە زەوت کراوەکانیان پڕ بکەنەوە و تواناکانیان یەکبخەن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە کە ئامانجێکی مرۆیی و دوور لە دژایەتی و دژکردەوەیەکی بێئاکامی هەبێ و هاوکاریی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا و پشتگیریی پیاوانی سیاسی و خاوەن ڕا و بڕیاردەر لە کێشەکانی ژنان وەرگرێ، هەرچەند هەموو دەنگ هەڵبڕین و کردەوەیەکی توند لەلایەن ژنانەوە هۆکاری تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە کە هەموو کردەوەیەکی توند دژکردەوەیەکی توندی هەبێ بۆچارەسەرکردنی کێشەیەك، بۆیە بڕوام وایە کە ژنانی کورد ڕێگا و شێوەی خەباتی دیکەیان لەبەردەمە بۆ گەیشتن بەو دەرئەنجامەی کە مەبەستیانە، ئەویش بیروباوەڕێکی مرۆیی و شێوە خەباتێکی نەرم و قۆناغ بە قۆناغە.

سەلام ئیسماعیلپوور

# کوردستانی سووریە، لەسەر دووڕێیانی چارەنووس

ئاڵوگۆڕەکانی سووریە لەسەر ڕێگای بێ گەڕانەوەی قەیران و ناسەقامگیری بەرەو پێش دەچن و بارودۆخی ئەم وڵاتەی دەستکردی کۆلۆنیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت.

لەم نێوانەدا، بارودۆخی شار و ناوچەکانی کوردستانی سووریەش بەدەر لە ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی گشتیی سووریەدا نیە. هەر لە سەرەتای پاشەکشەی یەکینەکانی سوپای بەعس لە کوردستان و جێگۆڕکێیان لەگەڵ هێزەکانی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیك «PYD» تا پێکهێنانی کانتۆنە خۆبەڕێوەبەرە ناوچەییەکان، ڕەوتی ڕووداوەکان لەم ناوچەیەدا ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان و بارگرژییە سیاسییەکانی نێوان ئەکتەرەکانی ئەم کایەیەی قووڵتر کردۆتەوە.

کوردەکان بێ گومان، گەورەترین قوربانیانی سیاسەتی کاولکەرانەی بەعسیزمی سووری، هەر لە سەرەتای سەربەخۆیی و پێکهێنانی ئەم وڵاتەوەن. حاشاکردن لە شووناس، سەرکوت و بێبەشکردنیان لە سەرەتاییترین مافە مرۆیی و مەدەنییەکان، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، دەربڕی دۆخێکی زۆر نالەبارە. هەر ئەم بابەتە بۆتە هۆی یەکێك لە گەورەترین کەڵکاژۆ وەرگرتنەکان دژ بە نەتەوەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا. ئەم کەڵکاژۆ وەرگرتنە، لە قۆناغەکانی دواتردا، بە شێوەیەکی جیدی کۆمەڵێك تێگەیشتنی خراپی لە ڕەوتی چارەسەری پرسی ڕەوای نەتەوەییدا لێ کەوتۆتەوە.

لەم ڕاستایەدا ڕۆڵی پارتی کرێکارانی کوردستان «PKK» زیاتر لە هەر فاکتەرێکی دیکە لەم بەشەی کوردستاندا جێگای باس و مشتومڕە و بە هۆی ڕۆڵێك کە ئەم حیزبە و لقی ڕۆژئاوای کوردستانی لەم ڕووداوانەدا گێڕاویانە، بە ناچار دەبێ ئاوڕێکی هەر چەند کورت و پوخت لە ڕابردوو و ئێستای سیاسەت و هەڵوێستەکانیان لەم پێوەندییەدا بدەینەوە.

حاشا لەوە ناکرێت کە پ.ك.ك ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە ڕابوونی نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان گێڕاوە و سەرەڕای کۆمەڵێك ڕەخنە لەسەر کردەوە و سیاسەتەکانی، بە گشتی دەتوانین ڕۆڵی ئەم حیزبە لە ڕێکخستنی خەباتی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بەرز بنرخێنین.

بەڵام نزیکایەتیی ئێستراتژیك و لێکچوونی ڕێژەیی ئیدئۆلۆژیی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ هێندێك لە سیاسەتە ناوچەیی و جیهانییەکانی ڕێژیمە کوردکوژەکانی ناوچە، بە تایبەتی ئێران و سووریە، دەستێوەردانی نیگەتیڤی ئەم ڕێکخراوەی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا لێ کەوتۆتەوە و مەخابن بەرەو هەڵسوکەوتێکی نەشیاو و پێوەندییەکی نادۆستانە لەگەڵ بەشی هەرەزۆری لایەنەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد پاڵی پێوە ناوە.

لە نموونەکانی ئەم سیاسەتە نادروستانە دەتوانین باس لە خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیکی ناڕەوا لە ڕابردوو، ئێستا، بەهاکان، سەرمایەکان و خاڵە لاواز و بەهێزەکانی هێزە شۆڕشگێڕانەرەکانی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لەم بەشانەدا و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دنیای دەوروبەر و ڕێژیمە سەرکوتکەرە ناوەندییەکان و نووسینی نووشتە و ڕاسپاردەی ئیدئۆلۆژیك بۆ چارەسەری ئەم پرسانە لە ڕێگەی هێرشکردنی نابەرپرسانەوە بۆ سەر سامانی سیاسیی گەلی کورد و بردنە ژێر پرسیاری ڕۆڵی خەباتی حیزبەکانی دیکە لە بزووتنەوەی کورددا و دواجاریش دامەزراندنی لق و پۆپی جۆراوجۆر بۆ زاڵبوون بە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان و سڕینەوەی ڕەسەنایەتیی پلۆرالیستیی کۆمەڵگای کوردستان لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ پێکهێنانی سیستمێکی تاقە حیزبی لە ژێر ڕێبەریی کاریزماتیکی "تاکێکی بەخوداکراو"دا بکەین کە ڕەسەنایەتی و شۆڕشگێڕبوونی هەر تاك، ڕەوت یان بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی چەقی باوەڕمەندیی پارتی کرێکارانەوە بە توندوتیژی لە دەربڕین و کردەوەدا بە توندی ڕەت دەکاتەوە.

پ.ك.ك لە سەرەتای بوونی خۆیەوە لە دۆڵی بقاعی لوبنان وەکوو ناوچەی پاوانکراوی تەوەری "ئێران ـ سووریە ـ حیزبوڵڵای لوبنان" لە دروشم و سیاسەتەکانی خۆیدا نکۆڵیی لە بوونی وڵات یان ناوچەیەك لە ژێر ناوی کوردستانی سووریە یان ڕۆژئاوای کوردستان کردووە. هەربۆیە، لە کاتێکدا کە چەمکی "چوارپارچەی کوردستان" بۆ هەر کوردێکی تێگەیشتوو لە سیاسەت و پرسەکانی ڕۆژ، چەمکێکی ئاشنایە، ئەم حیزبە بە کردەوە دروشمی "باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات"ی وەکوو دروشمێکی ئێستراتژیك هەڵبژارد و پڕوپاگەندەی پێوە کرد. بە واتایەکی دیکە، حاشای لە مافی سەروەریی نەتەوەیی کوردەکان بە سەر کوردستانی ڕۆژئاوادا کرد. ئەوەش لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنە بەربڵاوەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی سووریە کە هاوکاریی هەموو لایەنەی لە نێوانیاندا لێ کەوتەوە. ڕێژیمێك کە پێشتر سیاسەتی تەعریب و کۆچاندنی کوردەکانی لە ناوچەکانی حەسەکە، قامیشلوو و شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی بەرەو ناوچە عەرەبییەکان لەسەر دەستی "محەممەد تالیب هیلال"، یەکێك لە بەرپرسانی حیزبی بەعس جێبەجێ کردبوو و خوازیاری بێدەنگییەکی گۆڕستانی لە کوردستان بوو.

ئەم بێدەنگییە بە حاشاکردن لە بوونی کوردستان و شووناسی نەتەوەیی کوردەکان لەم بەشەدا لە لایەن هێزێکی کوردییەوە و چۆڵکردنی کوردستان لە هێزی مرۆیی چالاك و لاو لە ژێر ناوی پەیوەستبوون بە خەباتی بەشێکی دیکەی کوردستاندا، بە کردەوە تا ڕادەیەك دەستەبەر کرا.

بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕابوونی کوردەکان لە قامیشلوو و سەرکوتی خوێناویی ئەو ڕابوونە لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە ئەو بێدەنگییەی شکاند و هاوکات لەگەڵ خۆی زەنگی تێکشکانی سیاسەتی حاشاکردن لە نەتەوەی کوردیشی لێ دا.

ساڵێك پاش ئەم ڕووداوە و لە ساڵی ٢٠٠٥دا پ.ك.ك بە دامەزراندنی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیك «PYD» بۆ بەڕێوەبەریی ڕووداوەکان لەم بەشەی کوردستاندا هەنگاوێکی نوێی هەڵێنا.

پارتی یەکیەتیی دێموکراتیك لەم ماوەیەدا بە پێکهێنانی ڕێکخستنێکی تۆکمە لەسەر بنەمای میراتی پ.ك.ك و بە پشتیوانی و بڕیار و ڕێنوێنیی ئەو حیزبە، بە کردەوە لە ماوەی کەمتر لە دەیەیەکدا بوو بە ڕەوتێکی بەهێز کە پاش کشانەوەی سوپای بەعس لە کوردستان توانی بۆشایی دەسەڵات پڕ بکاتەوە.

خاڵی خەڵەتێنەر لێرەدا ئەوەیە کە بە پێچەوانەی بۆچوونی گشتی، لەم جێگۆڕکێیەدا شۆڕشێك ڕووی نەداوە، بەڵکوو سوپای ئەسەد بە ڕادەستکردنی کوردستان بە PYD، هێزەکانی خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ دژبەرانی لە دەوروبەری دیمەشق و شارە گەورەکان کۆ کردەوە و لە بەرانبەریشدا PYD لە نێو بیروڕای گشتیی خەڵکی کورددا خۆی بە سوپای ڕزگارکەری بەشێك لە کوردستان نیشان دەدا، لە حاڵێکدا کە ئۆرگانە حکوومەتییەکان هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی حکوومەتی ناوەندیدان و هێماکانی دەسەڵاتی بەعس وەك وێنە و پەیکەرەکانی دوو دیکتاتۆری کوڕ و باوك هێشتا لە مەیدانی شارەکان و شوێنە گشتییەکاندا پارێزراون.

سەردانەکانی بەرپرسانی باڵا و وەزیرەکانی ڕێژیمی ئەسەد لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی PYD، قەدەغەکردنی چالاکی و ئامادەبوونی ئەندامان و چالاکانی سەر بە پارتە نەتەوەییەکانی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لە لایەن PYD و هێزە چەکدارەکانیەوە، داخستنی بنکەکانی ئەم حیزبانە و هەڕەشە جۆراوجۆرەکان دژ بە ڕێبەران و ئەندامانیان، بەشێك لە کردەوەکانی PYD و هەروەها نیشانەکانی پێویستیی دەربڕینی گومان و نیگەرانی بەرانبەر بە ئامانجەکانی ئەم حیزبە لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوەی کورد لە سووریەدایە.

لە هاوینی ڕابردوودا هێزەکانی PYD بە هێرشکردنە سەر خۆپیشاندانی خەڵکی کورد لە شاری ئاموودا، دەیان کەسیان کوشتن یان بریندار و دەستبەسەریان کردن. لایەنی دیکەی ئەو تراژێدییە ئەوەیە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی بەعس لە شاری قامیشلوو ڕژانە سەر شەقامەکان و پشتیوانیی خۆیان بۆ بەشار ئەسەد و ڕێژیمەکەی دەربڕی و جێگای تێڕامانە کە هێزەکانی PYD هیچ جۆرە کۆسپ یان بەربەستێکیان بۆ ئەم خۆپیشاندانە و ڕێکخەران و بەشداربووانی پێك نەهێنا.

لەوەها هەلومەرجێکدا، ڕاگەیاندنی دامەزرانی کانتۆنە خۆبەڕێوەبەرەکان لە بەشێك لە ڕۆژئاوای کوردستاندا لە لایەن PYDوە، هەوڵێکی سەرەتایی ئەرێنییە کە مەخابن فاکتەری نەتەوەیی و دێموکراتیکی پێوە دیار نیە و درێژەکێشانی وەها بارودۆخێك هەرچی زیاتر لە نێوئاخنی ئامانجە ڕەسەن و ڕاستەقینە نەتەوەییەکانی کورد دووری دەخاتەوە.

خاڵی دیکە کە نیگەرانییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا قووڵتر دەکات، ئەوەیە کە نە لە سیاسەتی ڕێژیمی بەشار ئەسەددا، نە لە لێدوانی دژبەرانی جۆراوجۆری ئەم ڕێژیمە و نە تەنانەت لە دەربڕینەکانی ڕێبەرانی PYDدا، باسێك لە هەوڵدان بۆ بەردەوامی و جێگیربوونی ئەم کانتۆنانە و ئەگەری چوونە سەری ئاستیان لە داهاتووی سیاسیی ناوچەدا ناکرێت.

بۆ نموونە، عەقید عەبدولجەبار ئەلعەکیدی، فەرماندەی ئەنجوومەنی سەربازیی سوپای ئازادی سووریە لە حەلەب، بەم دواییانە وێڕای ئاماژەکردن بە هاوپەیمانیی PYD لەگەڵ ڕێژیمی سووریە، سوێندی خواردووە کە سوپای ئازاد ئەم حیزبە لێك بڵاو بکاتەوە. ئەمە هەڵوێستی دژبەرانی سێکولاری ڕێژیمی ئەسەدە، ئیسلامخوازەکانیش کە هەڵوێستیان بەرانبەر بە هەر جۆرە کیانێکی سیاسیی نائیسلامی ڕوونە.

هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و تەنانەت هەرێمی کوردستانیش کە تا ئێستا پێشوازییان لەو بارودۆخە نەکردووە. ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی سووریەش کە لە ئەگەری زاڵبوونەوەی دووبارە بە سەر وڵاتدا، بە دوور دەبینرێت کە بیهەوێت پاش کوشتوبڕی خوێناویی هاوزمانانی خۆی، بوونی دەسەڵاتێکی خۆجێیی کوردی لە ناوچەکانی باکووری خۆی (تەنانەت لە ژێر دەسەڵاتی PYDدا) قبووڵ بکات، بەڵام ڕەنگە گرینگتر لە هەمووی ئەمانە، بێباوەڕیی ڕێبەرانی PYD بە مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی خەڵکی کورد، شووناسی نەتەوەیی کوردەکان و پێکهێنانی کیانێك لە ژێر ناوی کوردستانی خودموختار یان هەر ناوێکی دیکەدایە کە دەربڕی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە سووریەدا بێت.

ساڵح موسلیم محەممەد، سەرۆکی ئەم حیزبە بەم دواییانە دژبەرانی ڕێژیمی ئەسەد و دەوڵەتی تورکیەی دڵنیا کردۆتەوە کە خۆبەڕێوەبەریی دوو فاکتۆی هەنووکەیی لە بەشێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبەکەیدا کاتییە و تەنیا تا گەیشتنی دژبەرانی ئەسەد بە ئامانجەکانیان درێژە دەکێشێت.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکانی ئەم بابەتە، وێڕای پێشوازیکردن لە نەبوونی سوپای سەرکوتکەری ئەسەد لە ڕۆژئاوای کوردستان و ڕێزگرتن لە فیداکاریی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا کە تا هەنووکە پێشیان بە زاڵبوونی هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان بە سەر ئەو ناوچەیەدا گرتووە، دەبێ نیگەرانی دووپاتبوونەوەی تراژێدییەکانی مێژووی گەلی کورد بە شێوەیەکی دیکە بین. ڕۆژئاوای کوردستان بە سەر پردی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازانەدا تێ نەپەڕیوە، بەڵام ئامادەیی شۆڕشێکی تێدایە کە بە ئەنجام گەیاندنی لە گرەوی وشیاریی هەموو هێزە سیاسییەکانی نەتەوەی کورد، بە تایبەتی خاوەنە سەرەکییەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووس لەم بەشە لە جۆغرافیای بە خوێن و ئاگر بڕژاوی کوردستاندایە.

> **سەدان کەس لە ئەندامانی حیزبی بەعس لە شاری قامیشلوو ڕژانە سەر شەقامەکان و پشتیوانیی خۆیان بۆ بەشار ئەسەد و ڕێژیمەکەی دەربڕی و جێگای تێڕامانە کە هێزەکانی PYD هیچ جۆرە کۆسپ یان بەربەستێکیان بۆ ئەم خۆپیشاندانە و ڕێکخەران و بەشداربووانی پێك نەهێنا**

## جووت حەوت

### هەوراز

ئایەتوڵڵا میسباح یەزدی دەڵێ: "باسکردن لە مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتیبوون و یەکسانبوونی هەموان بە جوولەکە و بەهایی و موسڵمانەوە، لەگەڵ ڕۆحی ئیسلام و یاسای بنەڕەتی و بزاڤی ئیمام خومەینی ناتەبایە و گەڕانەوە بۆ ڕابردوویە."

چۆن دڵت دێت ماڵتە؟! ئەدی نازانی مافی مرۆڤ و بزاڤی ئیمام خومەینی وەکوو گوێی کەر جووتن و دەقاودەق لێك دەچن؟ فەیلەسووف بیت و نەزانی جاڕنامەی مافی مروڤ کۆپی کراوە، ئیتر بارەقەڵڵاییت دەوێ.

پاشانیش ئەگەر باس کردن لە مافی مرۆڤ، بە واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بێت، دەبێ خۆشحاڵ بێت، چوونکە ئەوانەی کە تۆ ڕقت لێیانە (جەماعەتی ڕووحانی) دەڵێن مافی مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی ئیمام دەستەبەر دەبێت، کەواتە، "کا" هەر یەکێکە و کاوێژەکەی دوو جۆرە، یان بە قەولی خۆتان: "فوقەها ئیختلافی نەزەریان هەیە".

-ڕەمەزان شەریف، بەرپرسی پێوەندییە گشتییەکانی سپای پاسداران گوتی: "ئەمریکاییەکان بۆ پاراستنی کەشتییەکانیان لە کەنداوی فارس لە بەرانبەر هێرشی قایقەکانی ئێمەدا، تەلیسە خاك بە دەوریاندا هەڵدەچنن".

خوا خێرت بدات کە ئاگادارت کردینەوە، نەمانزانیبوو خەلیجی فارسیش وەك گۆلی ورمێ و زایندەڕوودی لێ هاتووە کە دەکرێ بە تەلیسە خۆڵ دیواری تێدا بەرز بکەیتەوە، بەس پێمان ناڵێی ئێستا کە کەنداوی هەمیشە فارستان وشکایی هاتووە، کەشتییەکانی ئەمریکا لەو وشکانییەدا چ دەکەن و بۆ پێشتر هەڵنەهاتوون، تا چۆڕێك ئاوی تێدا مابوو؟ باسی قایقەکانی ئێوە ناکەم، چوونکە پێشتریش سەلماندووتانە هێزی دەریاییتان شاخیش دەبڕێ، بۆیە ئیمام فتوای دا بە بەلەم و کەشتی هێرش بکەنە سەر شاخی شاهۆ.

-عەلی سەعیدی، نوێنەری خامنەیی لە سپای پاسداران گوتی: "کێشەی خەڵك لە مێژوودا، دوور کەوتنەوە لە ڕێبەر بووە".

لێرەدا دەردەکەوێت کە خامنەیی لە مێژوودا هەمیشە ڕێبەر بووە (وەك جەننەتی کە لە سەرەتادا وشە نەبوو، ئەو هەبوو)، خەڵکیش هەمیشە لە خامنەیی دوور بوونە (تەنانەت لە کاتێکیشدا کە خەڵك هەر نەبوو، بەڵام ڕێبەر هەبوو)، بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێشنیار دەکەین ئێستا کە خەڵك دوور دەکەونەوە، با ڕێبەر نزیك ببێتەوە، واتە ئەگەر بار نەهاتووە بۆ لای کەر، خۆ دەکرا کەر بێنن بۆ لای بار (تەنانەت لەو سەردەمەشدا کە بار نەبوو، بەڵام کەر هەبوو).

-کازم سدیقی، پێشنوێژی تاران دەڵێ: "هێندێك کەس (واتە جەماعەتی ڕووحانی) بە ملکەچکردن لە بەرانبەر دوژمندا دەڵێن میانەڕەوی".

بۆ ئاگاداریی کازم، هێندێك کەسیش بە کەشتیی شەڕکەری ئەمریکایی دەڵێن "تەشت"، بە فشفشەی ئێرانی دەڵێن تریشقە، بە ملکەچکردن دەڵێن نەرمشی قارەمانانە، بە چەمران دەڵێن سیمۆن بۆلیڤار، بە ئاخوند دەڵێن دوکتور، بە تیرۆریست دەڵێن سەردار، بە کوردستان دەڵێن غەرب، بە سووریە دەڵێن پارێزگای سی و دووهەم، بە عێراق دەڵێن جادەی کەربەلا، بە عەرەبستان دەڵێن قەبرستانی بەقیع، بە مانۆڕی سەربازی دەڵێن خۆپیشاندانی جەماوەری، بە ڕووسیە دەڵێن دارولئیسلام و لە کۆتاییدا، هەرماوە بە خەڵخاڵی بڵێن گاندی.

# پشکی کوردستان لە بووجەی ئێران

ئیبراهیم ورمێ
و: شۆڕش زەندی

دەوڵەتی نوێی حەسەن ڕووحانی کە بە وادەی باشتر بوونی ژیانی خەڵك هاتە سەرکار و خۆی بە دەوڵەتی چارە ئەندێشی و ئومێد ناساند، بەڵێنی دابوو کە لە ڕاپۆرتی ١٠٠ ڕۆژەی کاری خۆیدا یەکەمین نشانەکانی وەدیهاتنی دروشمەکانی بۆ خەڵك بسەلمێنێ. بەڵام لە کردەوەدا ئەوەی تا ئێستا بینراوە، بەپێچەوانەی وادەی یازدەهەمین دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە تا ئێستا بەردەوام بە دروشمی بێبنەما دەیهەوێ وێنەیێکی جیاواز لەوەی تائێستا لە کۆماری ئیسلامی بینیومانە، نیشان بدات.

ڕووحانی بە دانی وادەی جۆراوجۆر بەخەڵکی هەموو ئێران، توانیی بە هێندێك زیاتر لە پەنجا لە سەد لەو دەنگانە کە ڕژانە نێو سندوقەکان، بێتە سەرکار. ناوبراو هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات باس لە لێ نەهاتوویی دەوڵەتەکانی پێش خۆی و باشتر کردنی دۆخی ژیانی خەڵکی کرد و بەڵێنی پلانێکی نوێ و جیددیی بۆ باشتر کردنی ئەم بارو دۆخە دا. بە وتەی ڕووحانی بارودۆخی ئابووری لەکاتی بە دەسەڵات گەیشتنی ئەودا ئابوورییەکی مایەپووچ و شپرزە بووە، بەڵام ڕاوێژکارانی ئابووریی ئەو دەتوانن لەکەمتر لە شەش مانگدا پلانێك دابڕێژن کە جیا لەوەی ببێتە هۆی باشتر بوونی بارودۆخی ئابووریی وڵات، لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیش کاریگەریی هەبێ، بەم بۆنەوەیە سروشتییە کە بەشێك لەم وادانە لە یەکەمین بووجەی داواکراو لەلایەن دەوڵەتی ڕووحانییەوە خۆی بنوێنێ.

ئێستا ئەگەر تا ڕادەیەك لە کردەوەی دەوڵەتی ڕووحانی تێڕامانمان هەبێ، بە ڕوونی دەبینین کە کردەوەی ئەو نە تەنیا لە چاو دەوڵەتەکانی پێشوو جیاوازییەکی بەرچاوی نەبووە، بەڵکوو بە کردەوە ئەو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەکانی کومەڵگا بێ مشوور و بێ تواناتر لە پێشینیانی خۆیەتی.

لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ڕووحانی بەردەوام بینەری زۆربوونی ئیعدامە سیاسییەکان و پێشێل کرانی مافی مەدەنی لە سەرانسەری ئێرانداین. جاڕنامەی مافی هاووڵاتیی ڕووحانی لە چوارچێوەی گشت بێژیی بانگەشەدا ماوەتەوە و لە کردەوەدا تۆڵە سەندنەوە لە خۆپێشاندەران و جیابیران بەڕێوە دەبرێ بێ ئەوەێ ڕووحانی و هاوبیرانی دژایەتییەکیان لەگەڵ ئەو دۆخە هەبێت. لەم دواییانەدا بەسەرنجدان بە گەڵاڵەی پێشکەش کراوی ساڵی داهاتوو بە مەجلیس و لە ئەنجامدا پەسەندکرانی، پەردە لەسەر بەشێکی پلانی ڕووحانی لە ناوچەکانی دوور لە ناوەند کە زیاتر لە هەر کاتێك پێویستیان بە لابردنی هەڵاواردن هەیە، لابرا.

ئەم بووجەیە کە بە ڕواڵەت لەلایەن کارناسانی نزیکی ڕووحانی، بەڵام بە کردەوە لەلایەن هەمان ناوەندگەرایان و پەروەردەی دەستی ئەحمەدی نژادو هاوبیرەکانی ئامادە کراوە. پشکی ناوچەکانی دوور لە دەسەڵات لە ناوەندی ئێران وەك ڕابردوو کە بۆ بەجێ‌هێنانی ئەرك لە بەرانبەر ناوەندا کورت کراوەتەوە. لە کردەوەدا دەبینین کە مۆرەکانی سەر بە ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی لە هەر تاقم و دەستەیەك کە بن، ڕوانگەیان لە هەمبەر نەتەوەکانی ئێران بە تەواوی وەك یەکە. هەر بەم هۆیەوە دەبینین کە بووجەی دەوڵەتی ڕووحانی بەردەوام بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بەرنامەی نادروست و بەرژەوەندی خۆازانەی دەسەڵاتداران ئامادە کراوە و بووەتە هۆی دواکەوتنی زۆرتری پارێزگا بەش‌خۆراوەکان و خەڵکی چەوساوە.

بووجەی ساڵی ١٣٩٢ی دەوڵەتی ڕووحانی هەرچەن سەرەتا بە پەسەندی شوورای نیگابان نەگەیشت و نێردرایەوە بۆ مەجلیس، بەڵام بە کردەوە نیشانی دا کە هیچ گرینگیەکی بە ناوچە دواکەوتووەکانی وڵات نەداوە. دابەش‌کردنی نادادپەروەرانەی بووجە لە نێوان پارێزگاکان و تەرخانکردنی بەشێکی زۆری ئەو بووجە بۆ ٩ پارێزگای ناوەندیی بە ناو پێشەسازیی وڵات بە بیانووی جێبەجێ کردنی بەرنامەی کەلانی ئاوەدان کردنەوە، ستراتێژیك و بەناو داهاتخۆلقێن بۆ وڵات و خەڵك، سیاسەتی دەوڵەتی نوێ لە هەمبەر ناوچە دواکەوتووکان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئاشکراتر لە دەوڵەتەکانی پێشووە.

پشکی گشتیی کوردستان، بەلووچستان، توورکەمەن‌سەحرا، لوڕستان و خوزستان، جگە لە پرۆژەی پێشەسازیی نەوت کە لە بووجەی ئێران هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکی خۆجێی نیە، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بووجەی یەکێك لە پارێزگا ناوەندییەکان بە ڕادەیەکە کە تەنانەت جێی هەڵسەنگاندن ناهێڵێتەوە. وەك دەڵێن، هەزار خۆزگە بە کفن دزی پێشوو کە زمان و کردەوەی لەگەڵ نەتەوەکانی دوور لە ناوەند کەم و زۆر وەکوو یەك بوو.

بە پێچەوانەی وادەی ڕووحانی لە پێوەندی لەگەڵ کەمکردنەوەی بارگرژی، لابردنی هەڵاواردن و باشکردنی بارودۆخی ژیانی خەڵك بەتایبەت خەڵکی ناوچە چەوساوەکان و لابردنی هەژاری لە پارێزگاکانی دیکە، ڕاستییەکان شتێکی دیکە نیشان دەدا و ئەویش زیاد بوونی بووجەی سەربازی و بەرگری و کەم کردنەوەی ٣٠٪ ی بووجەی ناوەندەکانی ئاوەدان کردنەوە، فێرکاری، پزشکی و دەرمانییە.

ئەم گۆڕانە لە هاوسەنگیی دابەش کردنی بووجە، یەکێ لە گرینگترین گەڵاڵەکانی پەروەردە و فێرکردنە کە لەگەڵ پێشوازیی زۆری خەڵك بەرەوڕوو بووەوە، واتا گەڵاڵەی دانانی ڕێکخراوی "نهضت سوادآموزی" لە ساڵی ١٣٥٨، لەگەڵ کەمیی بووجە بەرەوڕوو کردەوە. ئەم گەڵاڵەیە کە بە مەبەستی بنبڕکردنی نەخوێندەواری لە وڵات هاتە ئاوارە، بە تێپەڕبوونی کات کاڵتر بووەوە، بەڵام مانەوەی خۆی درێژە پێدا. لە سەردەمی ئەحمەدی‌نژاددا بە هۆی سیاسەتی نادروستی دەوڵەت، گرینگی نەدان بە کولتووری فێرکاری و هاندان بەرەو نەزانی و خورافات لە لایەك و لێنەهاتوویی بەڕێوەبەریی بەرپرسەکان لە لایەکی دیکەوە، نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات و ئەمڕۆ سەرەڕای نەخوێندەوار مانەوەی بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگا لە لێواری مایەپووچی نزیك بووەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە وەك لە ئامارەکانی ڕێکخراوی پەروەردە و بارهێنانی کۆماری ئیسلامیدا هاتووە، تەنیا لە ئەمساڵدا ٣٩ هەزار قوتابی لە خوێندنی سەرەتایی بێبەش بوون. بەڵام ئەم ڕێکخراوە لەو منداڵانەی کە بە جێگای خوێندن و ڕۆیشتن بۆ قوتابخانە لە کارگەی فەرش چنین و کوورەخانە و شوێنەکانی دیکە کاری قورستر لە توانایان دەکەن و بە سەرنجدان بە هەڵکەوتی جوگرافیایی شوێنی ژیانیان کار دەکەن، هیچ ئامارێکیان لە بەردەستدا نیە.

زۆر بوونی ٣٠٪ی بووجەی سەربازی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە سەر کەمبوونەوەی بووجەی ئاوەدان کردنەوە و خۆش بژیوی دادەنێ، زیاتر لە ناوچە ناوەندییەکان، پارێزگاکانی نەتەوە دوور لە ناوەندەکان دەخەنە ژێر گوشارەوە.

یەکەمین نیشانەکانی کەم بوونەوەیی بووجە بەتایبەت لە پارێزگا بێبەشەکاندا دەتوانین لە ڕاوەستانی بەشی ئاوەدان کردنەوە، پزشکی و بار هێناندا ببینین. هەرچەن هەموو ئەم پرۆژانە لە دامەزرانی چەن شوێنی پزشکی یان دانانی کارگە بچووکەکانی پێشەی دەستی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ و ڕێگاوبان بەرتەسك دەبێتەوە، بەڵام ڕاوەستانی ئەم بەرنامانە دەتوانێ دۆخی ژیانی خەڵك نالەبارتر بکات. کەواتە ئەم دەستکەوتانەی دەوڵەتی ڕووحانی بۆ ئەم ناوچانە جگە لە زۆر بوونی هەژاری و هاتنە خوارەوەی پێداویستیی فێرکاری، تەندروستی و بژێوی بۆ خەڵك، سروشتییە کە ئاکامی ئەم کردەوانە شتێك نییە جگە لە بەرز بوونەوەی ئاستی بێ هیوایی خەڵك و هەوڵ بۆ هەڵاتن لەم بارودۆخە بە شێوەی جۆراوجۆری وەك هەڵاتنی مێشکەکان یا بردنە دەرەوەی سەرمایە لە وڵات.

وادەی ڕووحانی بۆ دیاری کردنی لانیکەم دوو لە سەدی داهاتی نەوت بە شێوەی بووجەی زیادی بۆ پارێزگای خووزستان (دڵی نەوتی ئێران) و باقی پارێزگاکانی بێبەش کراوی وەك پارێزگاکانی کوردستان بۆ لابردنی بەرە بەرەی هەژاری لە ڕوواڵەتی ئەم پارێزگایانەش، تەنیا لە چوارچێوەی دروشمدا ماوەتەوە. تەنانەت لە کردەوەدا ڕووحانی بە پێچەوانەوە هەنگاوی هەڵهێناوەتەوە و لە چوار هزار میلیارد تمەنێ کە ئەم دوو لە سەدی بووجەیە دەیتوانی بۆ ئابووریی ئەم ناوچانە تەرخان بکات، تەنیا شەش مێلیارد تمەنی بۆ ئەم ناوچانە تەرخان کرد و ئەمەش بووە هۆی دەست لەکار کێشانەوەی تێکڕای نوێنەرەکانی خووزستان. هەروەها نوێنەرەکانی بەشێك لە پارێزگاکانی کوردستان، هۆی دەست لەکار کێشانی خۆیانیان بۆ دابەش کردنی نادادپەروەرانەی داهاتی وڵات و تەرخان کردنی زۆرینەی بووجە بۆ پارێزگا ناوەندییەکان گەڕاندەوە.

هەرچەندە بە کردەوە دەست لە کار کێشانەوە ڕووی نەدا، بەڵام نیشانی دا کە ئاستی نادادپەروەری و جیاوازی لە ئاستێکدایە کە تەنانەت نوێنەرانی مەجلیسی ڕێژیمیش ناتوانن بێ دەنگ بن. پشکی کوردستان لە بودجەی ئێران، بەگشتی لە پلانی سەربازی و میلیتاریزە کردنی ناوچەکەدا کورت دەبێتەوە. لە پرۆژەکانی ئاوەدان کردنەوە و دابین کردنی ئاو و کارەبا بگرە تا ڕێگا و بان و چێ کردنی بەنداو، تەواوی پرۆژەکان لە چوارچێوەی بەرنامەی ستراتیژیکی ئەمنیەتی جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر خەڵکی ناوچە لەم پرۆژانە بەهرەیەك ببەن، ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم تەنیا بەهێزکردنی توانای سەربازی لە کوردستانە. چونکە ژێرخانی ئابووریی کوردستان پوچ و پرۆژەکانی سەرخان زۆر لەرزۆکن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نە تەنیا بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی کوردستان بەرنامەیەکی نیە، بەڵکوو بودجەی وڵات بۆ پێش گرتن لە گەشە سەندنی کوردستان بەکار دێنێ. جگە لەمانە ڕێژیم لە بەرامبەر چالاکیی خۆجێیی پێشدەستی خەڵکی ناوچەکە بۆ پێکهێنانی هەلی کار ئاستەنگ دروست دەکات. تەنانەت، پێش بە چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان و مافی مرۆڤ دەگرێ. بۆ نموونە ڕێژیم بۆ پێش گرتن بە کردەوەی کولتووری و مەدەنی کە مافی سەرتایی هەر هاووڵاتییەکە، لەمێژە دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان، محەمەد سدیق کەبوودوەندیان لە بەندیخانە دەست بەسەر کردووە، بێ ئەوەی دۆخی جەستەیی و نەخۆشیی ناوبراو لەبەر چاو بگرن. چالاکیی ئەو دامەزراوەی کە بەرپرسیارەتییەکەی لە ئەستۆی ئەوە و ڕێکخراوەکانی کولتووری، مەدەنی و کۆمەڵایەتی بە تەواوی بەرتەسك کراونەتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم هەموو سەرمایەی وڵات کە بریتییە لە داهاتی نەوت و باقی بەرهەمە نێوخۆیی و کانزا ژێر زەوییەکان، بە هۆی مۆرەکانی خۆی و کەسانی وەك بابەك زەنجانی بە تاڵان دەبات. ئەم کەسانە لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام سەرمایەی خۆیان زۆرتر دەکەن، بەڵام ڕۆڵەکانی کوردستان کە بۆ دابینکردنی بژێو شەو و ڕۆژ ڕاناوەستن، بە خراپترین شێوە دەکوژرێن.




کەسانێکیش کە بۆ گۆڕانی ئەم دۆخە و باش بوونی ژیانی خەڵك چالاکیی سیاسی دەکەن، یان بۆ ئازادبوونی زمان و کولتووری خۆیان خەبات دەکەن، بەردەوام بە تۆمەتی شەڕ لەگەڵ خودا دەست بەسەر، ئەشکەنجە و زۆربەیان ئیعدام دەکرێن.

بەرچاوترین نیشانەی پشکی کوردستان لە بووجەی نەوتی ئێران تەنیا نەوتێکە کە لە کوورەی قوتابخانەی گوندی شیناوێ ڕژا و کچە جوانەکانی کوردستانی بە شێوەیەك سووتاند کە ئێستا زۆربەی ئەوان لە سەیر کردنی خۆیان لە ئاوێنەدا دەترسن. بەشی خەڵك لە بووجەی ئێران گیان لە دەستدانی سنوورنشینەکان لە ژێر هەرەسی بەفری کێوەکانی کوردستانە. بووجەی پەسەندکراوی دەوڵەتی ڕووحانی بەداخەوە لەم یاسا گشتییەی کۆماری ئیسلامی بەدەر نیە.

حاجی تاوە

# ئیسلامخوازانی دوای مەشرووتە لە ئێران



**بەشی پێنجەم**

لە سەر هەر ئەم بنەمایە و لە سەر ئەم شرۆڤەیە، سیاسەتی دوژمنیی لەگەڵ مەشرووتە و ئامانجەکانی ئەو لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا و بە شێوازگەلی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر.

ئیسلامخوازانی شەریعەتخواز( ڕووحانی و غەیرە ڕووحانی) بە بانگەشە و پیلانگێڕی و هاوڕێیەتی لەگەڵ سەرەڕۆیی و پاشایەتی، دژی ئازادی، مەشرووتیەت و ئەندێشە دێموکراتیکەکان چوونە یەکڕیزەوە، ڕووحانییە شەریعەخوازەکان لە هاوڕێیەتی لەگەل ڕەزاشا و یان بێدەنگی لە بەرامبەر بەرنامە دژە مەشرووتەکانی ئەوان لە هزری خۆیاندا، لە هەوڵی پەرەستاندن و پەرەدان بە ڕێکخستنەکانی خۆیان بوون و لە هەمان سەردەمی ڕەزاشایشدا لەم کارەدا سەرکەوتن. هەر ئەم سەرەڕۆییە ٥٠ ساڵەیە و دژە مودێرنیتە گرینگترین بەستێن بۆ بێ هیوایی ئازادیخوازان، سێکولارەکان، هێزە دێموکراتیکەکان، چەپەکان و چالاکە سیاسییەکانی دیکە لەگەڵ ئەندێشەی مەشرووتەخوازی بوو. ئەم بەستێنە نادێموکراتیکە خۆی بوارێك بوو بۆ پەرەپێدان و بەربانی ئیسلامخوازانی سیاسی و ڕادیکال کە لە دڵی بیاڤی عیلمییەی سوننەتگەرا، سەری هەڵدا بوو. مەشرووتە و ئەزموونی ڕووحانییەکان لە تەئید یا دژایەتی ، پیلانگێڕی و پیلان لە دژی گوتمانی سێکولاریزم هەڵقولاو لە مەشرووتە و ڕەوتی ئەو لە ئێراندا بوو بە هۆی ئەوەیکە ئیسلامگەرایان و لە لووتکەی ئەواندا ڕووحانییەکان بە پێداچوونەوە لە تیۆرییەکانی مەشرووتەی شەریعە، پاشایەتی شەریعە و تیۆرییەکانی ئایینی حکوومەت بە هەڵێنجان لە بزووتنەوەی ئیسلامییەکانی جیهانی ئیسلام و عەرەب فورمێکی دیکەیان بە بەشداریی دووبارەی خۆیان لە سیاسەت بدەن. ئەوان بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی مەشرووتە و بە جۆرێك بیرۆکەی تۆڵەسەندنەوە لە مودێرنیتە و هەروەها ترس لە هاتنەدی و جێگیربوونی ئەم بیرۆکەیە لە بیاڤەکانی یاسا، سیاسەت، کۆمەڵگا و... بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر لە سوننەتگەرایی تاکوو ڕادیکاڵیسمی ئایینی، هەوڵیاندا تاکوو تیۆریی ئایینی ـ سیاسی وەرگیراو لە فیقهی سیاسی بۆ ڕێنوێنیی کۆمەڵگای ئیسلامی چێ بکەن. لە سەر هەر ئەم بنەمایە و لە سەر بنەمای هەڵێنجانی فەقێیانە و جەختکردن لە سەر ڕوانگەی شەریعە و گەڕانەوە بۆ ئیسلامی شێعە، دوایین ئامانجەکانی مەشرووتەیان کردە ئامانج. بە کەڵکوەرگرتنی تەواو لە ئیسلامخوازانی غەیرە ڕووحانی هەوڵی سڕکردنی مەشرووتەیان لە هەناوەوە داوە. تا ئەو شوێنەی کە لە کۆتاییدا توانیان بگەنە هاودەنگیی و ڕێکەوتنێکی فیقهی لە ڕەتکردنەوە ئامانجەکانی سێکولاریزم و مودێرنیتە لە ئێراندا.

٣. یەکیەتی و هاوپەیمانی (تیۆریی و کردەیی) سیاسی و ئایینی ئیسلامگەرایان (ڕووحانی و غەیرە ڕووحانی) ئیسلامخوازانی دژبەری مەشرووتە، لە بنەڕەتدا پێش لە مەشرووتە و هەروەها لە ساڵەکانی دوای مەشرووتە، زانا ئایینیەکان، ڕووحانییەکان و هێندێك لە وتەبێژ و لێدواندەران بوون. لە بنەڕەتدا لەم سەردەمەدا لە بەرامبەر بیرۆکەکانی مەشرووتە، ڕووحانییەکان بە گوتمانی ئیسلامی فوقاهەتی، دەقەکان و ئاخێوی ئایینی( تایبەت بە شەریعە) لە بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ ئینقلاب، بزووتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی ئێران و هێزە ڕووناکبیرەکانی مەشرووتەخواز ڕاپەڕین. ئەوان لە سەر بنەمای تێگەیشتنی ئایینی خۆیان کە لە نێوئاخنی دەقە ئایینییەکان هەڵێنجانیان بۆ دەکرد، و لە بنەڕەتدا لەگەڵ بیرکردنەوەی مودێرنیتە، لائیسیتەی ڕۆژئاوا و سێکولاریزمی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی ئەو سەردەمی مەشرووتە دژایەتێکی بنچینەیی و بنەڕەتی هەبوو، دەجووڵانەوە. لە بنەڕەتدا ئیسلامخوازان و مەشرووتەخوازەکان ئەو سەردەمە بە زۆرینەی تەواوی ڕووحانییەکان لە سەر بنەمای تێگەیشتنی ئایینی لە دەقە فقهییەکان دەجووڵانەوە و هەڵسووکەوتیان دەکرد. ئەمانە بە هۆی نەبوونی ئاشنایەتی لەگەڵ فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژئاوا و هەروەها بیرۆکە و قوتابخانە فیکریی و سیاسییەکانی ڕۆژئاوا و هەروەها زانستی نوێ، لە بەرگری خۆیان لە ئایین و شەریعە و هەروەها گوتمانەکانی خۆیان لە بەرگری لە مەشرووتە، کەمتر لە ڕوانگەکان، بیرۆکەکان و بیروباوەڕە فیکری و فەلسەفی دژە ئایینی ڕۆژئاوا سەبارەت بە بابەتە بەر پێکۆڵەکان سوودیان وەردەگرت. بە جۆرێك دەتوانرێ بگوترێ: لە بنەڕەتدا ڕۆژئاوا و نێوەڕۆکی بیرۆکە فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسایی و ئابوورییەکانی ئەو بۆ ڕووحانییەکانی لایەنگری شەریعە و سەرەڕۆیی، چ لە سەردەمی قەجەر و چ لە سەردەمی ڕەزاشادا، تا ڕادەیەکی زۆر بێ واتا و نەناسراو بووە. بەڵام ئیسلامخوازانی سەردەمی دوای ڕەزاشا، لە هەلومەرج و بارودۆخی پاش لە خەرمانانی ٢٠ و ساڵەکانی دەسەڵاتگرتنی حەمەڕەزاشای پەهلەوی لە لایەنگەلێکی بەربڵاو و جۆراجۆر لە ئیسلامخوازانی ڕووحانی و غەیرە ڕووحانی پێکهاتبوون. ئەوان بە هۆکاری جۆراوجۆر، خوێندنەوەیان بۆ تیۆرییەکانی ڕۆژئاوا لە بیاڤە جۆراوجۆرەکان کرد و لەگەڵ ڕۆژئاوا بە هۆی سەفەر و خوێندن ئاشنایەتیکی زۆرتریان هەبوو. ئەمە خۆی یەکێك لە جیاوازییەکانی ئیسلامگەرایان یان بە جۆرێك مەشرووتەخوازەکان ئەم سەردەمە لەگەڵ ساڵەکانی دوای مەشرووتەیە. بەڵام لایەنی دیکە، ڕووناکبیران و شوێنکەوتووانی مەشرووتە و گوتمانی ئەو کە دێموکراتیك و سێکولارخواز بوو، بە هۆی سەرەڕۆیی ڕەزاشایی، گەشەی گوتمانی گشتی ئێرانگەرایی و جەختکردنی دەسەڵات و پاشایەتی لە سەر سیاسەتی ناوەندگەرایی لە ئێران، تووشی گۆڕان، هاوسەنگ کردن، لاوازبوونی و بەلارێداچوون لە ڕۆح و نێوەڕۆکی مەشرووتە ببوو. بە جۆرێك دەتوانرێ بگوترێ: لەم سەردەمەدا، ئەو پشتیوانییە هەمەلایەنە و بەرەنگاری نەتەوەکانی دیکە لە شکڵی بزووتنەوەیەکی گشتگیر، بۆ ئازادی و خەبات لە دژی دواکەوتوویی و سەرەڕۆیی ئایینی، هەر وەك سەردەمی مەشرووتەخوازی بوونی نەبوو. لە دەیەکانی ٢٠ و ٣٠ی هەتاوی، ڕێباز و بیروباوەڕی مەشرووتە، ڕیبازە جۆراوجۆرەکانی ئەو، بە تایبەت لە ناوەند و لە نێو زمان و بیروباوەڕی حاکم لە بەریانە سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی، کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان بەرجەستە ببوو کە بیروباوەڕی سەرەکی و بنچینەیی ئەوان" مەشرووتە (نوێگەریی) چڕبوونەوەی سیاسی، پاشایەتی، ناسیۆنالیزمی ئێرانی و مودێرنیتەی گونجاو لەگەڵ کولتووری ئێرانی و تا ڕادەیەك هاوڕێیەتی لەگەڵ ئیسلام و ڕووحانیەت" بوو. بەڵام هەر ئەم کەسانە و بیرۆکەکانی ئەوان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کەوتووەتە بەر هێرش، هەڕەشە، کافراندن و تیرۆری فیکری و جەستەی ئیسلامخوازانی فەقاهێتی، ڕادیکاڵ و لەمدواییانە ئیسلامخوازانی ئیدۆلۆژیك. ئیسلامخوازانی دەیەی ٢٠ی هەتاوی لە ئێراندا، ئیتر وەکوو ڕابردوو و لە سەردەمی مەشرووتە سنووردار بە ڕووحانییەکان نەبوون، بەڵکوو لایەنەکانی جۆراوجۆر لە تاکەکان و گرووپە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکانی لەخۆ دەگرت کە بروای ئەوان بە ئیسلام وەك بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو کە دەیتوانی جێگرەوەیەك بێ بۆ قوتابخانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ خەباتی سیاسی و پێکهێنانی دەوڵەت و هەروەها بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات. ئەم بەرنامەیە دەیتوانی بە شێوەی ڕێبازێکی فیکری ـ سیاسی، ئایینی لاسایکردنەوەیی، چەپخوازانە، ئیدۆلۆژیك، مەکتەبی، فوقاهەتی، سەرەڕۆیانەیی، پارێزکارانە یان هەر جۆرێکی دیکە بێ. ئیسلامگەرایی ئەم سەردەمە لە سەر بنەمای فیکری و بیروباوەڕی شێخ فەزلوڵڵای نووری، مودەرێس و ڕووحانییەکانی تەکفیری چێ کرابوو کە نەوابی سەفەوی و هاوڕێیانی لە دەوری ئەوان کۆ ببوونەوە. بەڵام ئەم ئیسلامگەرایانە لە ئێرانی دوای خەرمانانی ٢٠، چ کەسانێك بوون و چ گرووپگەلێك بوون؟

ڕێبازی فیکریی سیاسی ـ ئایینی ئەوان چ بوو؟ پێوەندیی ئەوان لەگەڵ بیرۆکە کۆمەڵایەتی، فیکری، سیاسی، فەلسەفییەکان و خەباتەکانی ڕۆژئاوا بە چ شێوەیەك بوو؟

لەم بەشەدا هەوڵ دەدین تاکوو تاوتوێیەکی کورت لە بارودۆخ و ئاراستەبەندیی سیاسی ئیسلامگەرایان لە سەردەمی حەمەڕەزاشا لە ئێراندا بکەین. سەرەتا دەبێ ئەمە وەبیربێنینەوە کە دەستە لە ئیسلامگەرایان بە ڕووخساری جۆراوجۆرەوە و بە نازناوگەلی جۆراوجۆر لە هەموو بەشەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیونی ڕێژیمی پاشایەتی بەشدار بوون. ئەوان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان، هەر جۆر هەڵێنجان و خوێندنەوە لە ئیسلامیان بە ڕەوا دەزانی. لە شێوازەکان و شێوە بەربڵاوەکان بۆ خەبات کە لە فێرکاری بیروباوڕیی لە قوتابخانەکانی ژێر چاوەدێری (قوتابخانەکان بە فێرکاریی ئایینی باو) ەوە بگرە تاکوو خەباتی چەکدارانە، تیرۆر و خرابکاری لە خۆی دەگرت، گرتە بەر. لەم هەلێنجانەدا لە ئیسلامی سیاسی، بە جۆریەك دەتوانرێ بگوترێ: هەموو سەرچاوە مادی و مەعنەوییەکان لە ئێراندا بەسیج ببوون تا هەر جۆرە هاوکارییەك، هاوڕێیەتی لەگەڵ هێزە نائایینییەکان، نا ئێرانی لە دەرەکییەکانەوە بگرە تاکوو عەرەبی موسڵمان و ناموسڵمان، ڕەوا بە ئەژمار هات.

ئیسلامخوازانی ئێرانی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە پەیڕەوی لە بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسلامی لایەنگەلێکی لە ئیسلامخوازانی غەیرە ڕووحانی لە خۆ دەگرت. بەشێك لە ئەوان بە هۆی شەرمەزاری یان سەرنەکەوتوویی لە ڕەوتە سیاسی و نا ئایینییەکاندا، ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئیسلامی سیاسییان گرتە بەر.

بەشێك لە ئەمانە ڕێگەی سەرکەوتن و خەبات لە دژی ڕۆژئاوا و سەرەڕۆیان لە هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕووحانییەکانی ئیسلامگەرا دیتەوە. بەشێکی دیکە بەم لێکدانەوە کە ئیسلام ئایینێکی خەباتکارانە و دژە سەرەڕۆییە دەستیان دایە هەوڵدانێك تاکوو هەرچی زۆرتر ئیسلام ئیدۆلۆژیکتر بکەن، یان بیرۆکە و قوتابخانەی سیاسی خەباتی خۆیان ئیسلامیزە بکەن. بەشێکی دیکەیش لەم ئیسلامگەرا نارووحانیانە، ڕێگەی بە زانستیکردنی ئیسلام و جیهانی مودێرن و زانستی ئەمرۆییان گرتە بەر. بە زێدەکردنی ئەم بارودۆخە کە هەر ئەم شێواز و هەڵێنجانە، خۆی ڕێگەیەکی گونجاو بۆ ڕەوایی بوونی ئیسلام لە خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، ئیدارە و ڕێنوێنیکردنی کۆمەڵگایە. بەڵام بەشێکی دیکە لە ئیسلامخوازانی غەیرە ڕووحانی، لەو بڕوایەدا بوون کە شرۆڤە، خوێندنەوە و هەڵێنجانی ئایینی لە دەقەکانی ئیسلام و قورئان ناتوانی لە پاوانی ڕووحانییەکاندا بێ، بەڵکوو لەم ڕێگەدا، کەسانی ئیسلامناسی نارووحانیش دەتوانن لەم سەرچاوە خوداییە بۆ خەبات و دروستکردنی کۆمەڵگای دڵخواز و یەکسان سوود وەرگرن. ئەم ڕێبازە فیکرییە و هێزە پرشوبڵاوەکان و بەربڵاوی ئەو، لە سەر لێکدانەوەیەکی لاسایکەرەوانە لە ئیسلام ڕێگەی "ئیسلامی بێجگە لە ڕووحانییەت"یان گرتە بەر. هەرچەند کە لە بنەڕەت و قوناخی مێژوویی هەستیار و ئینقلابی، ڕێبەری و باڵادەستی ڕووحانیەتی شێعەیان بە دڵ و گیان قەبووڵ کرد. ئەم گرووپە لە ئیسلامگەرایان بە جۆرێك ئەم هەڵێنجانە ئازاد و نارووحانییە لە ئیسلام، دەقە ئایینییەکان و قورئانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و پێکۆڵ خولقاندن بۆ قوتابخانە سیاسیی، فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکان بەکار هێنا کە نوێنەرایەتیی بیرۆکەکانی مەشرووتە، مودێرنیتەی ڕۆژئاوا و سیستمی دێموکراتیکیان دەکرد. ئیسلامخوازانی دوای مەشرووتە لە ئێران بە هۆی ئاشنایی کەم یان نیوەچڵ لە ڕۆژئاوا، خوێندن لە زانستگەکان، نیشتەجێ بوون، فێرکاری، زانینی زمان و خوێندنەوە و ناسینی تا ڕادەیەکی کەمی دەقە فەلسەفی، سیاسی، یاساییەکان و... لە شارستانییەت و گوتمانی ڕۆژئاوا، لە ڕوانگەکان و خەباتە سیاسییەکانی خۆیان، پاساوی پشتیوانی و هاوڕێتی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و خەباتی ئایینی، ئەوپەڕی کەڵکوەرگرتنی بەلارێداچوویی لە ڕۆژئاوایان بۆ بیروباوەڕە ئایینییەکانی خۆیان کرد. ئەم گرووپە لە ئیسلامخوازان لە بەشێك لە حاڵەتەکاندا بە جەختکردن لە سەر مەعنەویەت، ئەخلاق و بیروباوەڕی ئایینی پڕژانە سەر شرۆڤەی بیروبۆچوونە سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاسایی و کولتوورییەکانی ڕۆژئاوا. هەر ئەم ئیسلامگەرایانە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بیرۆکەکانی دێموکراتیك، سێکولار، مافی مرۆڤ، بیرۆکەی ئازاد، ڕزگاریی و بەرابەری ژن لە کۆمەڵگادا و زۆریەك لە ئەو شتانە کە لە ئامانج و ئارمانەکانی کۆمەڵگای کراوە و ئینقلابی مەشرووتە بوو پەنایان بردە ڕووحانییە سوننەتگەرا و ڕادیکاڵەکان. ئەم گرووپە لە ئیسلامخوازانی نارووحانی ئاشنا لەگەڵ شارستانیەتی ڕۆژئاوا، بۆ ڕەوایی بەخشین بە فیکر و ڕێگەی خەباتی خۆیان بە شوێن ڕووحانییە ڕادیکاڵەکانەوە بوون. ڕێژەی سەرکەوتوویی و ڕەوایی خۆیان لە نزیکی و دووری لە ئەوانەوە دەزانی. هەر لەم ڕێگەدا زۆر هەوڵیاندا تاکوو بخەنە نێو ڕیزبەندیگەلێکی جۆراوجۆر وەکوو نوێخواز، ئینقلابی و خەباتکار. هەموو هونەر و هەوڵی خۆیان بۆ هاوڕێیەتی و نزیکی لەگەڵ ئەم گرووپانە و پۆلێنبەندیانەدا دانابوو. بەڕاستی دەتوانرێ بگوترێ: هەر ئەم گرووپە لە ئیسلامخوازان بوون کە مەشرووتە، بیرکردنەوەی مودێرنیتە و داواکارییەکانی کۆمەڵگایەکی سێکولاریان لە بەرامبەر ئیسلام و ڕووحانییەکان کردە قوربانی.

**کۆتایی بەشی پێنجەم**

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 624 ■ 6 Mar 2014

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


## زایەڵە

فاتیح ساڵحی

### هەموو وادەکانی سەرکۆمار (ماددەی نۆیەم)

لە ژمارەکانی پێشوودا لە سەر وادەکانی حەسەن ڕووحانی بە خەڵکی ئێران و بەتایبەت نەتەوەکانی ئێران و کەمایەتییە ئایینییەکان باسمان کردووە، بە تایبەت ئەو وادانەی کە لە مەنشووری ١٠ ماددەیی حەسەن ڕووحانیدا گونجێندرابوون و ناوبراو تا پێش گەیشتن بە پۆستی سەرکۆماری، سوور بوو لەسەر جێبەجێ کردن و بەڕێوەبردنیان و ڕەنگە هەر ئەم وادانە بوون بە هۆی ئەوەیکە بەشێك لە خەڵکی ئێران و تەنانەت لە خەڵکانی غەیری فارس زمان لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییدا بەشدار بن و دەنگ بدەن بە حەسەن ڕووحانی و ناوبراو وەك حەوتەمین سەرکۆمار بەڕێ بکەن بۆ کۆشکی سەرۆککۆماری لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

ماددەی نۆیەم: "گۆڕینی ڕوانگەی ئەمنییەتی لەهەمبەر (ئەقوام) و فەرهەنگە ئێرانییەکان و گۆڕینی پێکهاتە و شێوازە سیاسی ـ ئەمنییەتیەکان بە سیستمی بەڕێوەبەریی زانستی و کارامە، بە مەبەستی کەڵکوەرگرتنی باشتر لە سەرچاوە دەسنەخواردووەکان و لێوانلێوی ماددی و مرۆیی ئەم ناوچانە."

ئەوەی کە تا ئێستا ئاشکرایە و دەتوانین جەختی لەسەر بکەینەوە باس کردنی ئەم ڕاستیەیە کە نە تەنیا ڕوانگەی ئەمنییەتی لەهەمبەر ئەم ناوچانە نەگۆڕدراوە بەڵکوو بە پێچەوانە بە توندتر کردنەوەی کەش و هەوای زاڵ بەسەر ئەو ناوچانە و چوونە سەرەوەی ئاماری دەسبەسەرکردن و کوشتن و ئێعدامی خەڵك لەم ناوچانە ڕوانگەی ئەمنیەتیی ڕێژیم لەجاران توندتر بووە و ئاماری سەرسووڕهێنەری ڕێژەی ئیعدامەکان لەم ناوچانە سەلمێنەری ئەم ڕاستیەن کە هیچ کات کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناتوانن بیر و بۆچوونی بەرتەسکانەیان لەهەمبەر نەتەوەکانی ئێران بگۆڕن. بەڵکوو هەرجارەو بە بیانوو و پاساوی جۆرواجۆر کەش و هەوای زاڵ بەسەر ئەو ناوچانە ئەمنییەتیتر دەکەنەوە و بۆ ئەوەیکە خۆیان بەری بکەن لە بابەتەکە، کێشەکان دەخەنە ئەستۆی باڵەکانی نێو ڕێژیم و هەرجارە باڵێك لە نێوخۆی ڕێژیمدا تۆمەتبار دەکەن و پاساو دەهێننەوە کە ئەمنییەتی کردنی کەشی زاڵ بەسەر ئەو ناوچانە بەدەر لە چوارچێوەی ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئێمەیە و لەم پێوەندییەدا خۆیان بە بێ تاوان دەزانن.

لە کاتێکدا هەمووان دەزانن وادەکانی سەرکۆمارەکانی ئێران بە نەتەوەکانی ئێران بەگشتی وادەی سەر خەرمانن و حەسەن ڕووحانیش بە دانانی چەندین وەزیر کە پێشینەی سەربازیی و ئەمنییەتیان هەیە سەلماندی کە بە پێچەوانەی وادەکانی جووڵاوەتەوە و وەزارتخانە پێوەندیدارەکانی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا دەستی باڵایان هەیە و کەس ناتوانی نکۆڵی لە ڕۆڵی نەرێنیان بۆ توندتر کردنەوەی کەش و هەوای ئەمنییەتیی زاڵ بە سەر ئەو ناوچانەدا بکات کە شوێنی ژیان و سەرزەوینی نەتەوکانی ئێرانن.

## هەڵمەتێکی جیهانی دژی ئیفلیجیی منداڵان



ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی یونیسێف هەڵمەتێکی گەورەی بۆ کوتانی ١٠ میلیۆن منداڵ لە دژی ئیفلیجی منداڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێکرد.

ڕێکخراوەکە لە ڕاگەیەنراوێکدا گوتی: منداڵانی عێراق و میسر و ئۆردۆن و سووریە لە پێشەوەی کوتراوەکاندا دەبن و کۆیان دەگاتە ١٠ میلیۆن منداڵ.

هەروەها ڕوونیکردەوە کە لە لوبنانیش هەمان هەنگاو دەنێت.

بەپێی ڕاپۆرتەکانی هەمان ڕێکخراو، ئەوە سەرەتای هەڵمەتێکی گەورەیە لە ناوچەکەدا تا کۆتایی مانگی مارسی ٢٠١٤، ٢٢ ملیۆن منداڵ دەکوترێن.

## جلی یەکەم گەشت بۆ ئاسمان دەفرۆشرێت



ماڵی مەزادەکانی بۆنهامەر ڕایگەیاند: جلوبەرگی یەکەم گەشتی ئاسمانی بۆ سەر مانگ کە کارمەندەکانی ئاپۆڵۆ ١١، ساڵی ١٩٦٩ لەبەریان کردووە لەگەڵ ٣٠٠ پارچەی دیکەدا بە خەڵك دەفرۆشرێنەوە.

ئەو بەرگانە لەلایەن نیل ئارمسترۆنگ و کۆلینز و باز ئەلاردینەوە لەبەرکراون و پێشبینی دەکرێ نرخیان بگاتە ٦٠ هەزار دۆلار.

لە نێو کەلوپەلەکاندا نووسراوەیەکی ئارمسترۆنگ هەیە کە لەکاتی نیشتنەوەی لەسەر مانگ نووسیویەتی و بەرلەوە نمایش بکرێت نرخەکەی بە ٤٥ هەزار دۆلار مەزەندە کراوە.

هەروەهاجلێکی ڕووسی بەهەمان شیوە لە مەزادەکەدا دەفرۆشرێ کە نرخەکەی ئێستا ٢٠ هەزار دۆلارە.

## بۆئینگ، لەدروستکردنی فڕۆکەوە بۆ مۆبایلی زیرەک




کۆمپانیای گەورەی بۆئینگ کە تایبەتە بە دروستکردنی فڕۆکە، لە هەوڵدایە جۆرە مۆبایلێکی زیرەك دروست بکات کە ئەگەر جگە لە خاوەنەکەی هەرکەس دەستکاری بکات، ئەوا بەشێوەیەکی خۆکارانە تێکدەشکێت.

ئەو مۆبایلە زیرەکە ناوی (بۆینگ بلاك)ە و دروستکردنیشی بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ دابینکردنی پەیوەندی پارێزراو لەنێو ئاژانسە حکوومییەکانی کەرتی بەرگریدا.

هەرچەندە کۆمپانیاکە وردەکاریی ئەو مۆبایلە زیرەکەی نەخستوەتە ڕوو، بەڵام هێمای بۆ ئەوە کردووە، کە مۆبایلەکە لەسەر سیستمی ئەندرۆید کار دەکات و سەرجەم پەیوەندییە تەلەفۆنی و داتاکان "کۆت و بەند" دەکات.

ئەوەشیان خستوەتە ڕوو، کە هەر هەوڵێك بدرێت بۆ کردنەوەی بەرگی مۆبایلەکە، ئەوا بەشێوەیەکی خۆکارانە سەرجەم داتاکان دەسڕێتەوە و لەکار دەکەوێت.

ئێستا کۆمپانیاکە وادەی بڵاوکردنەوەی مۆبایلەکە و نرخەکەی دەستنیشان نەکردوە، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان پێشبینی دەکرێت ئەم هاوینە بکەوێتە بازاڕەکانەوە.